دیاری گۆڤاری ئەندازیاران پێشکەشە بە بەڕێز/

سەرنوسەر


# ئەنــدازیـــــــاران گۆڤارێكی ئەندازەیی وەرزانەیە

ژمارە (12)
بەهاری 2005


رێكخستنی بابەتەكان .. پەیوەندی بە شێوازی هونەری گۆڤارەكەوە هەیە

## لەم ژمارەیەدا..


- سەرەتایەك دەربارەی GPS ...............ل10
- كۆنترۆڵكردنی ئاوی خواردنەوە..............ل33
- ریپۆرتاژ..................................ل55
- پیسبوونی هەوایی.........................ل64
- بەسەركردنەوە............................ل76
- سێ دووری (3D).........................ل82



## خاوەنی ئیمتیاز

یەكێتیی ئەندازیارانی كوردستان

## سەرنـــــــوسەر

ئەندازیار

**نەوزاد عوسمان**

(نەوزادی موهەندیس)






ناونیشان

سلێمانی/ شەقامی سالم

بارەگای یەكێتیی ئەندازیارانی كوردستان

پێگە: www.engmagazine.org

پۆستی ئەلكترۆنی: eng_magazine@yahoo.com

ژمارەی تەلەفۆن : 3122165


نەخشەسازی/ئالان عەلی ئیسماعیل


چاپ و ئۆفسێتی شڤان

هەواڵ و چالاکی

* کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیاران لە دوای دەرچوونی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنـــی وەزیران لەسەر یاسای (نضام مكاتب الهندسية و الاستثمارية) بڕیاری کردنەوەی (11) نوسیەنگەی ئەندازیاری داوە.

*هۆڵی ئینتەرنێتی یەکێتی ئەندازیاران لەمانگی (2005/3)ەوە دەرگای واڵایە بۆ سەرجەم ئەندازیاران دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێز ئەندازیارکاك عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە ڕەزامەندی لەسەر ڕاکێشانی هێڵێکی تایبەتی ئینتەرنێتی بۆ یەکێتییەکەمان پیشاندا.

*دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە تەرخانکردنی پارچەیەك زەوی بۆ بینای یانەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەندازیاران, لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیەوە تەرخانکرا کە ڕووبەرەکەی 2 دۆنم و یەك ئۆلگ و 84م و لە نزیك تەلاری هونەرەوەیە .

*لە لایەن کۆمیتەی باڵاوە هاوکاری 6 ئەندازیار کراوە کە تووشی کارەسات بوون وەك کۆمەکێك بۆیان .

* بەمەبەستی دروستکردنی بینای نوێنەرایەتی کەلاری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بانگەوازی دیزاینێك کراو لە ئەنجامدا بۆ دیزاینی نوسینگەی (جەلال محەمەد) دەرچوو و پرۆژەکەش درا بە وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە وە بۆ جێبەجێکردن.

*بەمەبەستی گۆڕین وجوانکردنی بینای یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان لەسلێمانی دوای هەڵبژاردنی دیزاینێکی جوان و شایستە, درا بەبەڵێندەر بۆ جێبەجێکردن.

*یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان ئاماژە بە هەردوو نوسراوی بەشی جیۆ تەکنیکی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی کۆیە و وەزارەتی خوێندنی باڵا, رەزامەندی دا کە دەرچوانی ئەو بەشە وەك ئەندازیار تۆماربکرێن و ئەرك و مافی ئەندازیارانیشیان هەبێت.

*بەمەبەستی دابینکردنی پێویستیەکان و بەسەرکردنەوەی هەردوو لقی کەرکوك و هەولێر, کۆمیتەی باڵا سەردانی هەردوو لقی ناوبراوی کرد.

*توانرا پارچەیەك زەوی بە روبەری 2000م2 تەرخان بكرێت بۆ بینای نوێنەرایەتی دەربەندیخانی یەكێتیی ئەندازیارانی كوردستان.

*یەكێتیی ئەندازیارانی كوردستان لەسەر داوای لیژنەی جێبەجێكردنی پڕۆژە تایبەتیەكان هاوكاری دەكات لە ئامادەكردنی پرۆپۆزەڵ و گفتوگۆی هونەری لەبواری بیناسازی و ڕێگاوباندا بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵەو كەم و كوڕی هونەری لەو پڕۆژانەی جێبەجێدەكرێت بۆ زیاتر خزمەتكردنی شارە خۆشەویستەكەمان .

هەربەهەمان مەبەست كۆمیتەی باڵای یەكێتیی ئەندازیاران داوای لە شارەوانی سلێمانی كردوە كە لەكاتی مۆڵەتی دروستكردنی بینا بازرگانیەكاندا جێگەی پاركینگ و محویلەی كارەبا دابنێن .

* كۆمیتەی باڵا بریاریدا كە ڕێكخستنەوەیەك بكرێت لە ئیش وكارەكانی لقی هەولێری یەكێتی ئەندازیارانی كوردوستاندا.

*ڕۆژی چوارشەممە 2005/4/20 كاتژمێر (5) ی سەرلەئێوارە لە هۆڵی یەكێتی ئەندازیارانی كوردستان و بەسەرپەرشتی لقی سلێمانی سیمینارێكی زانستی



بۆ ئەندازیار (هێمن عومەر ) سازدرا لەسەر بابەتی ( Global Positioning Systems) , خاوەن كۆڕ بە ووردی و زانستیانە بابەتەكەی بۆ ئامادەبوان باس كردوو دواتر ئەندازیاران بە پرسیار و هاوبەشی كردنیان هێندەی دی بابەتەكەیان دەوڵەمەند كرد. جێگەی باسە ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەندازیاران ئامادەی كۆڕەكە بوون و كۆڕەكەش ماوەی 2 كاتژمێری خایاند.

*لە چالاكیەكی هۆبەی ژینگە پارێزی سەر بەخۆپاراستنی تەندروستی و ژینگە پارێزی لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیدا, ئەندازیارانی بەڕێز (محەمەد عەلی ئەسعەد و مەهاباد جەلال حسێن و فەرەیدون محەمەد محێدین و بەكتریالۆجی/هیوا

عەلی حەسەن) و بەسەرپەرشتی د.نەجمەدین حەسەن ئەحمەد هەستاون بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك دەربارەی ژینگەی شاری سلێمانی بۆ ساڵانی 1998 – 2003 لە دوتوێی 63 لاپەڕەداو زاستیانە پلان و ڕێو شوێنیان دیاری کردووە بۆ پاراستنی ژینگەی سلێمانی. بەناوی گۆڤارەکەمانەوە دەست خۆشیان لیٚ دەکەین و هیوای سەرکەوتن و کاری بە پیٚزتریان بۆ دەخوازین.

هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی تەندروستی

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی

بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیوژینگەپارێزی

هۆبەی ژینگە پارێزی

# ڕاپۆرتی ژینگەیی هۆبەی ژینگەپارێزی

**ئامادەکردنی**

**ئەندازیار/محمد علی أسعد** — **ئەندازیار/مهاباد حسین جلال**

**ئەندازیار/فریدون محمد محیالدین** — **بکتریولوجی/هیواعلی حسن**

**بەسەرپەرشتی**

**د.نەجمەدین حەسەن ئەحمەد**



بەڕێز کاک مەسعود
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
12/6/2005



# پیرۆزبایی



بەڕێز مام جەلال
سەرۆك کۆماری عێراق
6/4/2005

بةبؤنةى هةلَبذاردنى بةرِيَز مام جةلالةوة بؤ ثؤستي سةرؤكي كؤمارى عيَراق و هةلَبذاردنى بةرِيَز كاك مةسعود بارزانى بؤ سةرؤكي هةريَمى كوردستان بةناوى سةرجةم ئةندازياراني كوردوستانةوة جوانترين و طةرمتر ين ثيرؤزبايي ئاراستةى خؤمان و سةرجةم طةلى كورد دةكةين لة هةرضوار ثارضةكةى كوردوستاندا ضونكة ئةم رِووداوة طةليَك طرنط و ميَذووييـة لة خةباتى دوورودريَذى كوردايةتيدا و بؤيةكةمين جارة كورديَك ببيَتة سةرؤك كؤمارى دةولَةتيَكى عةرةبى و بؤ يةكةمين جاريشة كة كورد لة ولآتى خؤيدا سةرؤكى هةلَبذيَردراوى خؤى هةبيَت.

هةلَبذاردنى ئةو دوو زاتة بؤ ئةو ثؤستة سيادى و طرنط و بالآية ئةو رِاستية دةسةلميَنيَت كة بةرِيَزيان كةسيَكى بةتوانا و سياسةتمةداريَكى هؤشيارو حةكيم و جيَطة متمانةى هةموو طةلانى عيَراق و كوردوستانن و ئةو ثؤستةش بةرى رِةنجى ضةندين سالَةى خةباتي خويَناوى طةلى كوردة.

بؤية خوازيارين كة ئةم قؤناغة و بةسةرؤكايةتى ئةو دوو زاتة كورد بتوانيَت سةرجةم مافةكانى بضةسثيَنيَت لة دةستوورى هةميشةيى عيَراقى فيدرالَ و ديموكراتدا.

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
**کۆمیتەی باڵا**

# پیرۆزبایی

بەبۆنەی یادی 13 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان و یادی 3 ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ئەندازیارانیشەوە جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم ئەنـدازیاران دەکـەین و خوازیـارین سـاڵی نـوێ سـاڵی بەدەسـت هـاتنی مافە ڕێکخراوەییەکانی ئەندازیاران بێت و ساڵی یەکگرتنەوەی هەموو ئەندازیارانیش بێت لە ژێر چەتری یەك ڕێکخراودا و ساڵی زیاتر گەشە سەندن و بەپێز بونی بابەتەکانی گۆڤارەکەشتان بێت لە رووی سیماو ناوەرۆکەوە بە هاوکاری ئەندازیاران.

---




بەبۆنـەی یـادی 30 سـاڵەی دامەزرانـدنی یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوسـتانەوە جوانترین پیرۆزبـایی ئاڕاسـتەی گـەلی کوردو سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە تێکۆشـەرەی خـەباتی کوردایـەتی دەکـەین خوازیارین ساڵی نوێ ساڵی بەدەست هاتنی مافە ڕەواکـانی گەلەکـەمان بێـت و سـاڵی چەسپاندنی مافە نەتەوایەتیەکانمان بێت لە دەستوری هەمیشەیدا و ساڵی یەکگرتنەوە ی هـەردوو ئیدارەکـەی کوردوسـتان و زیـاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردوستان بێت ..

**گۆڤاری ئەندازیاران**



بۆ بةرِيز/ ئةندازيار كاك عومةر فةتاح
سةرؤكى حكومةتى هةريَمى كوردستان
بابةت / دةستخؤشى و سوثاس و ثيَزانين

بةبؤنةى دةرضوونى برِيارى ذمارة (312) لة (2005/6/7) دا لةلايةن سةرؤكايةتى ئةنجومةنى وةزيرانةوة تايبةت بة ثيَدانى دةرمالَةى ئةندازياران.

بةناوي يةكيَتيى ئةندازيارانى كوردستان و سةرجةم ئةندازيارانةوة دةستخؤشى و سوثاس و ثيَزانينى ئةندازيارانتان ئاراستةدةكةين و خوازيارين كة هةميشة سةركةوتووبن لة كارةكانتاندا و ببنة ثشت و ثةناى ئةندازيارانيش لة هةر ثؤست و ثلةيةكدابن بؤ سةندن و وةرطرتن و بةديهيَنانى داواكارى و مافةرِةوا ثيشةييةكانيان.

دةرضوونى ئةم برِيارة طرنطيةكى طةورةى هةية لةلايةك ثيَزانينى حكومةتة بة رِؤلَى كاريطةرى ئةندازياران لة ئاوةدانكردنةوةى كوردستان و دام و دةزطاكانى حكومةتدا و لة لايةكى تريشةوة دةبيَتة هاندةريَكى زؤر طةورة بؤ ئةندازيارِان كة زياتر لة جاران دلَسؤزتر و بة ئةمانةتةوة كار و ثرِؤذةكانيان جيَبةجيىَ بكةن بؤ زياتر خزمةتكردنى كورد و كوردستان.

دووبارة دةست خؤشى و ثيَزانينمان دووثات دةكةينةوة

**يەكێتیی ئەندازیارانی کوردستان**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : (٣١٢)
ڕۆژ : ٧ /حوزەیران/٢٠٠٥ز
بەرامبەر : ١٧/جۆزەردان/٢٧٠٥ك

## بڕیـــــار

**پشت بەستن بەئەحکامی بڕیاری ژمارە (١٨٠) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ، و ئاماژە بە ڕاپۆرتی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانمان ژمـــارە (٤١٠٦) لە ١١/نیسان/٢٠٠٥ تایبەت بە پێدانی (دەرماڵە) بە ئەندازیاران، بڕیارماندا :**

**یەکەم :-**

خەرج کردنی (**دەرماڵەی ئەندازیاران**) بەو ڕێژانەی لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە لەسەر بنەمای کۆی گشتی مووچەکانیان :

١. دەرماڵەی پیشەیی ( **مخصصات مهنية** ) بە ڕێژەی (٣٥٪) .
٢. دەرماڵەی پسپۆری ڕاوێژکاری ( **مخصصات استشارية** ) بەپێ ی ئەم ڕێژانەی خوارەوە خەرج دەکرێت :
   أ. بە ڕێژەی (٣٠٪) بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە ماوەی خزمەتیان لە (٤ **چوار ساڵ**) تاوەکو ( ٩ **نۆ ساڵ** ) ە .
   **ب.** بە ڕێژەی (٥٠٪) بۆ ئەو ئەندازیارانەی ماوەی خزمەتیان (٩ **نۆ ساڵ** ) و بەرەو ژوورە .
٣. دەرماڵەی مەترسی ( **مخصصات الخطورة** ) بە ڕێژەی (٢٠٪) بۆ ئەو ئەندازیارانەی بە هۆی شوێن وسروشتی کارەکانیانەوە تووشی مەترسی (**خطورة**) دەبن تەنها کارەکەیان خەتەرناك بێت.
٤. دەرماڵەی (**شوێنی جوگرافی**) بەپێی دووری شوێنی کارکردنی ئەندازیاران لە شوێنی نیشتەجێبوونیان خەرج دەکرێت وە بە پێ ی ئەم ڕێژانەی خوارەوە :
   أ. (١٥٪) **بۆ ئەو ئەندازیارانەی** شوێنی کاریان (٢٠ — ٣٠)کم دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە.
   ب. (٢٥٪) **بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە شوێنی کاریان (٣٠ — ٦٠)کم دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە.**
   ج. (٣٥٪) **بۆ ئەو ئەندازیارانەی کە شوێنی کاریان (٦٠)کم و زیاتر دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە.**
٥. دەرماڵەی شوێنی کار ( **مخصصات موقع العمل** ) بە ڕێژەی (٢٥٪)و دەبێت لەشوێنی کارەکە نیشتەجێ بن.
٦. دەرماڵەی سەردان ( **مخصصات التردد** ) بە ڕێژەی (٣٠٪).

**دووەم :-**

خەرجکردنی دەرماڵە بۆ ئەندازیاران بە پێ ی ڕگەکانی ئەم بڕیارە هەموو ئەو ئەندازیارانە دەگرێتەوە کە فەرمانبەرن لە وەزارەت و فەرمانگە و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بواری وانە ووتنەوەش لەزانکۆو پەیمانگا تەکنیکیەکان و ئامادەییە پیشەییەکان وە بە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

**١. پێویستە ئەندامی (یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) بێت و ناسنامەی ئەندامێتی نوێ کردبێتەوە .**

٢. نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا ڕێژەی ئەو دەرماڵانەی ئەندازیار بە پێ ی بڕگەکانی ئەم بڕیارە وەریدەگرێت لە ڕێژەی ( ١٠٠٪ ی **کۆی مووچە** ) زیاتر بێت و کەمترین ئاستی دەرماڵەکەی بریتی دەبێت لە ٢٠٠,٠٠٠ **دووسەد هەزار دینار** .

٣. لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو دەرماڵانەی لەم بڕیارەدا هاتووە نابێت ئەندازیار لە کەرتی تایبەت کار بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بەڵێننامەی یاسایی پەسەندکراو لە لای دادنووس پێشکەش بە فەرمانگەکەی دەکات ، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت.

**سێیەم :-**

هەردوو دەرماڵەی پیشەیی و ڕاوێژکاری ئاماژەپێدراو/لە (**بڕگەکانی** (١) و (٢) ی **خاڵی یەکەم**) ی سەرەوە لەگەڵ مووچە لەسەر (**بوودجەی ئاسایی**) خەرج دەکرێت ، وە سەرجەم دەرماڵەکانی تر لەسەر بودجەی وەبەرهێنان (**المیزانیة الاستثماریة**)خەرج دەکرێن بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی ئامادە پێدراو لە بڕگەی (**دووەم/٢**)ی سەرەوە.

**چوارەم :-**

پێویستە کۆی گشتی کاتژمێری کاری فعلی سەرەپایی بۆ ئەندازیاران (**کاری سەرەپایی لەناو فەرمانگەکان**) و (**کاری سەرەپایی پرۆژەکان**) لە مانگێکدا لە (٩٠) **نەوەد کاتژمێر** زیاتر نەبێت وە ئەم ڕێژەی بەپێی پێویست و وەرزی ساڵ دیاری ئەکرێت.

**پێنجەم :-**

وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسانکاری جێبەجی کردنی ئەم بڕیارە.

**شەشەم :-**

گشت وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان ئەم بـڕیارە جێبەجێ دەکەن لــە ڕۆژی دەرچوونی‌یەوە

**حەوتەم :-**

لە سلێمانی نووسرا لە ٧/**حوزەیران**/ ٢٠٠٥ ز ، بەرامبەر ٨/٧**جۆزەردان**/٢٧٠٥ ک.

**عــــومەر فەتاح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**



# ئێره كوێیه ؟
# سەرەتایەك دەربارەی
# "Global Positioning Systems"



نوسینی / ئەندازیار هێمن عومەر
ماجستێر لە زانكۆی ئای تی – كۆپنهاگن

*خولیای گەڕان و دۆزینەوە هێندەی مرۆڤایەتیی کۆنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، گەڕانەوە بەو ڕێیەدا کە پێیدا دەڕۆین و ترسی ونبوون، لە دێر زەمانەوە مرۆڤی فێری ئەوە کردووە، لە هەرجێیەك بە شێوەیەك، شتێك بكات بە نیشانە. ڕۆژگارێك لەم خولیا و ترسەوە، مرۆڤ سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، تا لەڕێی ئەستێرەکانەوە بزانێت لەکوێیە و بەرەو کوێ دەڕوات. ئەمڕۆ لەگەڵ GPS دا جارێکی تر سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕینەوە، ئەمجارە، مانگە مرۆڤکردەکان ڕێنماییمان دەکەن.*

1. پێشەکی

GPS سیستمێکە بۆ دۆزینەوەی تان و پۆ[i] لەسەر ڕووی گۆی زەوی لەڕێی بەکارهێنانی کۆمەڵێک *سەتەلایتەوە*. بەپێی توانای ئەو ئامێرانە و ئەو تەکنیکەی لە پرۆژەیەکدا بەکاردێت، ئەکرێت ئەکوراتیۆ[ii](دیققە)ی کارێك لە 100 مەترەوە تا چەند میللیمەترێك ببێت.

ئێستا جی‌پی‌ئێس تەنها سیستمێکە کە ئەتوانێت بە شەو و ڕۆژ، بەبێ ڕەچاوکردنی کەش، لە هەر جێیەک بیت[iii] ، لەڕێی *وەرگرێک* "Receiver" ەوە پێت بڵێت لەکوێی گۆی زەویدایت.

ئەم سیستمە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاوە، لە ساڵی 1973 وە ئیشی بۆ دەکرێت، لە دیسێمبەری 1993 دا بیستوچوارەمین سەتەلایت گەیشتە خولگەی خۆی و بانگەوازی تەواوبوونی پرۆژەکە کرا.

جی‌پی‌ئێس بۆ بەکارهێنانی سەربازیی بنیاتنراوە، بۆیە سەیر نییە کاتێك دەردەکەوێت کە تا ساڵی 2000 ئەو زانیارییانەی دەربارەی تان و پۆی سەتەلایتەکان ئەخرانە بەردەست، هێندە هەڵەیان تێدا بوو، کە ڕێ بگرێت لە بەکارهێنانی سیستمەکە لە دژی ئەمەریکا خۆی. بە تایبەت کە یەکێتی سۆڤێتی ڕۆژگاری جەنگی ساردیش سەرقاڵی GLONASS بوو، کە ئەویش سیستمێکی هاوشێوەی جی‌پی‌ئێسە ، بە هەندێك سیفاتی جیاوازەوە، وەک خولگەی سەتەلایتەکان، لەرەلەری سیگناڵەکان[iv]، هتد.. کە ڕێنەدات ئەو وەرگرانەی لەگەڵ جی‌پی‌ئێسدا بەکاردێن، ئەو سیگناڵانە وەربگرن، کە سەتەلایتەکانی ئەم سیستمە ئەینێرن.

2. لە چی پێکهاتووە:

جی‌پی‌ئێس لە سێ بەش، تۆڕێك سەتەلایت، بەشی کۆنترۆڵ و وەرگرەکان پێك دێت. لەم نووسینەدا ئەوەی زیاتر مەبەستی منە، بە شێوەیەکی گشتیی، خستنەڕووی کۆی سیستمەکە و چۆنێتی ئیشکردنێتی، بەبێ چوونە ناو وردەکاریی تەکنیکی بەشە جیاوازەکان.

2.1 وەرگرەکان:

بەپێی مەبەستەکان، جۆری وەرگرەکان و بەو پێیەش نرخەکانیشیان ئەگۆڕرێن. بۆ کەشتیوانێك، کاتێك ئەیەوێت بزانێت لە کوێی زەریادایە،"گرنگ نییە" ئەو

تان و پۆیەی وەرگرەکەی ئەیداتێ 100 مەتر هەڵەی تێدابێت یان نا، بەڵام هەمان کەشتیوان کاتێك ئەیەوێت بە یارمەتیی ئەم تەکنیکە کەشتییەکەی لە بەندەرێکدا ڕابگرێت، پێویستی بە وەرگرێکی ئەکورات 'دەقیق' ترە.
بەم شێوەیە، لە کارە ئەندازەییەکانیشدا، ئاستی جیاوازی ئەکوراتیۆی پرۆژەکان، هەم ئامێرەکان و هەم ئەو تەکنیکانەش دیاریی دەکەن کە بەکاردەهێنرێن. بۆیە پێش ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەک پێویستە ئەم خاڵە هەڵسەنگێنرێت.

2.2 بەشی کۆنترۆل:

لە پێنج بنکەی بێسەرنشین پێکهاتووە کە بە بەردەوامی زانیاری، لەڕێی ئەو سیگناڵانەوە کە سەتەلایتەکان ئەیاننێرن، وەردەگرن و دەینێرن بۆ بنکەی کۆنترۆڵی سەرەکی لە ئەمەریکا، تا لەڕێیانەوە چاودێری خولگە و خێرایی سەتەلایتەکان بکرێت. تا کاتێك لە خولگەکانیان دەردەچن، بگێڕرێننەوە شوێنی خۆیان، لە هەمان کاتیشدا بەپێی پێویست کاتژمێرەکانیان، ڕاست بکرێنەوە.




وێنەی ژمارە 1، دابەشبوونی بنکە بێسەرنشینەکان و بنکەی سەرەکی، کە لە هەمانکاتدا بنکەیەکی بێسەرنشینیشی لێیە.

2.3 سەتەلایتەکان:

24 سەتەلایت، دابەشبوون بەسەر 6 خولگەدا (60 پلە لە نێوانیاندا، بە گۆشەی 55 پلە لەگەڵ ئایکوەتۆر[v] "هێڵی ئستیوا" دا)، لە دووریی 20200 کیلۆمەترەوە، بە خێراییەك کە ئەگاتە 12000 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا، لە شەو و ڕۆژێکدا[vi] دوو جاربەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە.
ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، تایبەتمەندێتی ئەوکاتژمێرانەیە کە لەم سەتەلایتانەدا دانراوە (کاتژمێرە ئەتۆمییەکان)، هەروەها ئەو سیگناڵانەی بە بەردەوامی دەیاننێرن.




وێنەی ژمارە 2، دابەشبوونی سەتەلایتەکان و خولگەکانیان

3. جی‌پی‌ئێس چۆن ئیش ئەکات

زۆر بە سادەیی، کاتێك ئێمە بزانین، سەتەلایتێك چەند لە زەوییەوە دوورە، وە لەڕێی وەرگرێکیشەوە بزانین، دووریی نێوان خۆمان و ئەو سەتەلایتە چەندە، ئیتر دۆزینەوەی ئەوەی کە خۆمان لە کوێی ڕووی گۆی زەویداین کارێکی گران نییە.
بۆ ئەوەی وردتر ئەمە دەربیرین، کاتێك ئەڵێین دووریی سەتەلایتێك لە زەوییەوە، ئەبێ بپرسین لە کوێی زەوییەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی ئەزانم کەمێك لەسەر "داتۆم" و WGS84[vii]، بدوێم، کە لەڕاستیدا ئەو ڕیفرێنسەیە کە لەگەڵ ئەم سیستەمەدا بەکاردێت.

لە کورتترین پێناسەدا داتۆم "Datum" مودێلێکی ماتماتیکییە بۆ پێناسەکردنی شێوەی گۆی زەوی. تێکرا، چەقی قورسایی زەوی 6.378 کم لە ئایکوەتۆر و 6.357 کم لە پۆڵ "قوتب"ەکانەوە دوورە. بەڵام ئەوەی کە زەوی شێوەیەکی ئەندازەیی سادەی نییە و شوێن و شێوەی داتۆم بەندە بە دۆزینەوەی چەقی قورسایی زەوییەوە، بۆتە هۆی ئەوەی هەر وڵاتێك "ناوچەیەك" داتۆمێك بۆ خۆی دروست بکات، واتە بە جۆرێک پێناسەی "هێلکەییتیی" گۆی زەوی بکات کە بە باشترین شێوە بگونجێت لەگەڵ تۆپۆگرافی "سروشتی ڕووی" ئەو بەشەدا، وەک لە وێنەی ژمارە 3 دا دەبینین.




وێنەی ژمارە 3، زەوی و داتۆمە لۆکاڵەکان. کاتێک داتۆمێک وردترین پێناسەی ناوچەیەک دەکات کە بە باشرین شێوە جووت دەبێت لەگەڵیدا یان دایدەپۆشێت.

لەگەڵ پەیدابوونی سەتەلایتەکانی جی‌پی‌ئێسدا ، پێویستی پێناسایەکی (داتۆمێکی) گلۆباڵ، کە بەند نەبێت بە پێناسە لۆکاڵەکانەوە و بە "باشترین" شێوە پێناسەی گۆی زەوی بکات، زیاد بوو.

WGS84 داتۆمێکی گلۆباڵە، بۆیە کاتێك وەرگرێك بەکاردەهێنین، پێش هەموو شتێك ئەبێت زانیاریی دەربارەی ئەو داتۆمە و ئەو سیستمی تان و پۆیەی کە ئەمانەوێت، بدەین بە وەرگرەکە ، ئەوکاتەش کە ئەو داتۆمەی ئێمە ئەمانەوێت لە وەرگرەکەدا نییە، ئەتوانین بە داتۆمێکی گلۆباڵ پێوانەکان وەربگرین و دواتر تان و پۆکان بگوێزێتەوە بۆ یان بگۆڕێننە سەر داتۆمی تایبەت بەو ناوچەیە[viii].

سەبارەت بە پێوانی بەرزیی، ئەو ڕیفرێنسەی بەشێوەیەکی گشتیی بەکاردێت ئاستی ڕووی دەریایە، بۆیە پێویستە زانیاریی دەربارەی بەرزیی جیۆید[ix] کە بریتییە لە بەرزیی"یان نزمیی" ئاستی ڕووی دەریا لە ڕیفرێنسەکەمان "WGS84" وە بدەین بە وەرگرەکە.
بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان جیۆید و ئەو شێوە هێلکەییەی ڕیفرێنسەکەمان هەیەتی، لەگەڵ تۆپۆگرافی ڕووی زەوی بەم شێوەیەیە:

$$h = H + N \qquad ...(1)$$

کاتێک :

: بەرزیی"یان نزمیی" خاڵێکە لە داتۆمێکەوە،h

: بەرزییە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، جیاوازیی نێوان داتۆم و جیۆید.H

: جیاوازیی نێوان داتۆم و جیۆیدە.N




وێنەی ژمارە 4، بەرزیی"یان نزمیی" خاڵێک لە داتۆمێکەوە"، بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریاوە،
لەگەڵ جیاوازیی نێوان داتۆم و جیۆید.

وەك لە وێنەکەوە ئەبینین، ئەکرێت پەیوەندیی نێوان ئاستی "بەرزییەکان" بگۆڕرێت لە ناوچەی جیاوازدا، بۆ نمونە کاتێك بەرزیی ناوچەیەك لەژێر ئاستی دەریادایە( H نێگەتیڤە):

h=N-H ... (2)

وە هەروەها بۆ حاڵەتەکانی تر.[x]

بێگومان کاتێك باسی دووریی و شوێن ئەکەین، قسەمان لەسەر شوێنە لە سێ- دووریدا. کرۆکی بیرۆکەی پێوانە لەڕێی سەتەلایتەکانەوە، لەسەر بنچینەی دۆزینەوەی دووریی لە "ڕیفرێنسێکەوە" سەرچاوەی گرتووە، جیاوازییە گەورەکە لەگەڵ ڕێگەکانی تری پێوانەدا، بۆ نموونە ناردنی سیگناڵی ڕادیۆیی لە چەند "نێرەر"ێکی جێگیرەوە، یان بەکارهێنانی ئامێرەکانی"EDM "[xi] ئەوەیە کە لە جیپیئێسدا ڕیفرێنسەکانمان لە جوڵەدان، وەك پێشتر وتمان، بە نزیکەی 12000 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا بە دەوری زەویدا ئەسوڕێنەوە، بەڵام ئەمە هیچ ناگەیەنێت، کاتێك ئێمە ئەوە بزانین کە سەتەلایتەکان هەموو 30 چرکەیەك جارێك زانیاریی دەربارەی جێ و شوێنی خۆیان ئەنێرن[xii].




وێنەی ژمارە 5، بەکارهێنانی سیگناڵی ڕادیۆیی لە نێرەری جێگیرەوە.

کاتێك لەڕێی داتۆمێکی گلۆباڵ و بنکەکانی کۆنترۆڵەوە، شوێنی سەتەلایتەکان زانران، ئەوەی ئەمێنێتەوە، چۆنێتی پێوانی دووریی وەرگرێکە لەم

سیستمی ڕیفرێنسەدا، بە واتایەکی تر لە سەتەلایتەکانەوە.

### 3.1 کات وەك دووریی

سەتەلایتەکان بە بەردەوامی سیگناڵی ڕادیۆیی دەنێرن، وەرگرەکانیش هەمان سیگناڵ دروست دەکەنەوە، ئەوەی بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی دووریی نێوان نێرەر و وەرگرەکە، دواکەوتنی سیگناڵەکەیە، ڕوونتر بڵێم، ئەو کاتەیە کە سیگناڵەکە پێی دەچێت تا لە سەتەلایتەکەوە ئەگاتە وەرگرەکە ، کە لەڕێی جیاوازیی نێوان کۆدی نێرراو و دروستکراوەوە دەدۆزرێتەوە .




Correlation between satellite code, delayed received code and the generated code.

وێنەی ژمارە 6، چۆنێتی دۆزینەوەی ئەو کاتەی سیگناڵێک پێی دەچێت.

کاتێك خێرایی سیگناڵەکە بزانین، کە خێرایی ڕووناکییە لە بۆشاییدا و نزیکەی 300 هەزار کیلۆمەترە[xiii] لە چرکەیەکدا، بە هاوکێشەیەکی سادە ئەتوانین دووریی بدۆزینەوە:

دووریی = کات * خێرایی ...(3)

لێرەوە گرنگیی کاتژمێرەکان و بە وردیی پێوانی ئەو کاتەی کە سیگناڵێك ئەیبڕێت دەردەکەوێت، چونکە دواکەوتنی سیگناڵەکە تەنها 1 میللیچرکە "لە هەزاردا یەکی چرکەیەك"، هەڵەیەك لە پێوانی دوورییەکەدا دروست دەکات کە دەگاتە 300 کیلۆمەترا!

### 3.2 سیگناڵەکان:

هەر سەتەلایتێك دوو گورزە شەپۆل، بە L1,L2 ناو دەبرێن و بە لەرەلەری 24، 19 سانتیمەتر، دەنێرێت، کە زانیاریی دەربارەی شوێنی سەتەلایتەکەو کاتی ناردنی سیگناڵەکەی تێدایە، لەگەڵ دوو کۆد بۆ پێوانەکردن،
.P (Precise), C/A (Coarse/Acquisition)

| کۆد | لەرەلەر/ فریکوێنس, MHz | درێژیی شەپۆل بە مەتر | |
|---|---|---|---|
| C/A | 0.1*10.23=1.023 | 293 |  |
| P | 1.0*10.23=10.23 | 29.3 |  |

خشتەی ژمارە 1، کۆدەکان و لەرەلەر و درێژیی سیگناڵەکانیان

هۆی ئەوەی کە کۆدەکان بە لەرەلەری خۆیان نانێررێن، بەڵکو گورزەسیگناڵەکان، کە لەرەلەرێکی زۆر بەرزتریان هەیە، هەڵیاندەگرن، ئەوەیە کە سیگناڵە لەرەلەر نزمەکان زۆر هەستیارن بەرامبەر ئەتمۆسفێر، واتە زیاتر دوادەکەون بە کاریگەریی چینە جیاوازەکانی بۆشایی ئاسمان،

بۆ ئەوەی زیاتر نەچینە ووردەکاریی سیگناڵەکانەوە، تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە دوو شێوە هەیە بۆ پێوانی ئەو کاتەی سیگناڵێك پێیدەچێت تا دەگاتە وەرگرێك، یەکەمیان پێوانی کۆدەکانە، کە ئەکوراتیۆکەی مەترێك و بەرەوژوورە و بەکەڵکی کارە ئەندازەییەکان نایەت، دووەم پرنسیپی پێوان، گۆران لە ڕووی "phase" یان گۆشەی سیگناڵە ڕادیۆییەکەدا بەکاردەهێنێت و دەمانگەیەنێتە ئەکوراتیۆ ی 1 سم.
کەواتە بۆ ئەوەی دووریی زر[xiv]، مەبەستمان ئەو دوورییە ناڕاستەقینەیەیە کە بە بێ ڕەچاوکردنی سەرچاوەکانی هەڵە
کەواتە بۆ ئەوەی دووریی(زر)ی نێوان سەتەلایتێك و وەرگرێك بدۆزینەوە، پێویستمان بە- درێژیی شەپۆل L
- ژمارەی شەپۆلەکان ، واتە چەند جار شەپۆلەکە دووبارە بۆتەوە تا گەیشتۆتە وەرگرەکە n.
- کات، بە چەند گەیشتۆتە وەرگرەکە T.
- خێرایی شەپۆلەکە، کە لێرەدا خێرایی ڕووناکییە لە بۆشاییدا c و 300 هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا.

$$r = n.L + T.c \qquad \dots (4)$$

لەم هاوکێشەیەدا، هیچکام لە سەرچاوەکانی هەڵە لەبەرچاو نەگیراوە.
بۆ دۆزینەوەی دووریی، کاتێك شەپۆلی تەواومان هەبە، درێژیی شەپۆل بەکاردێنین. بەڵام بۆ بەشە شەپۆلەکان، کات و خێرایی بەکاردێنین.

ئێمە ئەزانین، دووێیی جیۆمێتریی (کە لێرەدا بە پیتی - ڕۆ- دەریدەبڕین) نێوان دوو خاڵ بریتییە لە:

$$\rho_k^p = \sqrt{(X_k - X_p)^2 + (Y_k - Y_p)^2 + (Z_k - Z_p)^2} \quad \ldots (5)$$

ئێستا ئەگەر لەوێوە سەیری چۆنێتی دەستکەوتنی دووریی نێوان سەتەلایتێك و وەرگرێك بکەین، ئەتوانین بڵێین بریتیە لە "کۆی" نێوان دووریی جیۆمێتریی و ئەو دوورییەی بەهۆی هەڵەی کاتەوە، لە وەرگرەکەدا، دروست دەبێت :

$$r_k^p = \sqrt{(X_k - X_p)^2 + (Y_k - Y_p)^2 + (Z_k - Z_p)^2} + c.dT_k \quad \ldots (6)$$

کاتێك بۆ سەتەلایتی p و وەرگری k

$(X_k, Y_k, Z_k)$ تان و پۆ نەزانراوەکاکانی وەرگرەکەیە.

$(X_p, Y_p, Z_p)$ تان و پۆ زانراوەکاکانی سەتەلایتەکەیە.

$dT_k$ هەڵەی کاتە لە وەرگردا (نەزانراو).

بەم شێوەیە، لە هاوکێشەی 6 دا چوار نەزانراو هەیە، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم هاوکێشەیە شیکار بکەین، پێوستمان بە چوار هاوکێشەی لەمجۆرەیە، لێرەوە ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆ دۆزینەوەی تان و پۆی خاڵیک پێویستمان بەلایەنی کەمەوە بە چوار سەتەلایت هەیە.

## 4. سەرچاوەکانی هەڵە لە جی‌پی‌ئێس دا

کاتێك ڕادەی هەستیاریی سیگناڵەکان و دووریی سەتەلایتەکان و ئەو ئەکوراتیۆیەی ئێمە لە بەکارهێنانی سیستمێکی وا دەستمان دەکەوێت ئەهێنینە پێش چاوی خۆمان، سەرسام دەبین کە دەزانین ئەو دەرئەنجامە وردانە بە ئەوەندە سەرچاوەی هەڵەدا تێپەڕیوە.
لێرەدا هەوڵ ئەدەم بەکورتی باسی هەندێکیان بکەم.

### 4.1 هەڵەی کاتژمێرەکان

وەك پێشتر وتمان، لەبەرئەوەی ئێمە لە دۆزینەوەی دووریدا، پشت بە کات ئەبەستین، بۆیە زۆر گرنگە نەك هەر کاتژمێرەکانمان ئەکورات بن، بەڵکو پێویستە کاتژمێری سەتەلایتەکان و وەرگرەکان سیونکرۆنایز "میقات"یش کرا بن.

#### 4.1.1 کاتژمێری سەتەلایتەکان

دوو جۆر کاتژمێر، لە هەر یەکێکیان دووان، لە هەر سەتەلایتێکدا بەکار دەهێنرێت، یەکەمیان "ڕەبیدیۆم"، کە زۆر دروست ئیش ئەکات لە ماوەی کورتدا (دوو خولەك)، دووەم "کاسیۆم"،کە زیاتر جێگیرە لە ماوەی درێژدا.
لە ڕۆژێکدا چەند جارێك لەڕێی بنکەکانی کۆنترۆڵەوە چاودێریی کاتژمێرەکان دەکرێن، بۆیە ئەکرێت بڵێین کە تەواو دروستن.

### 4.1.2 کاتژمێری وەرگرەکان

کاتژمێری هەرزانتر کە ئەکوراتیۆکەیان لە مایکرۆچرکە "لە ملیۆنێکدا یەك" دایە لە وەرگرەکاندا بەکاردێت، بەڵام ئەم دیققەیە لە کارە ئەندازەییەکاندا بەکار نایەت، بۆیە لەڕێی ئەوەوە کە لە هەمان کاتدا دووریی نێوان خاڵێك و چەند سەتەلایتێك ئەپێوین، ئەم هەڵەیە لە پێوانەکان دەردەکرێت.

### 4.2 هەڵەی ئەتمۆسفێریی

ترۆپۆسفێر و ئایۆنۆسفێر سیگناڵەکان دوا دەخەن، ئەمەش وا دەکات، ماوەی نێوان سەتەلایتەکان و وەرگرەکان زیاتر ژمێرە بکرێن وەك لەوەی کە هەن. جگە لەوەی کە هاوکێشەی تایبەت هەیە بۆ دۆزینەوەی کاریگەریی هەریەك لەم سەرچاوانەی هەڵە، ئەوەی لە یەك کاتدا دوو خاڵ بپێوین کە دووریی نێوانیان لە 10 کیلۆمەتر زیاتر نەبێت، ئەم هەڵەیە لە پێوانەکان دەردەکات، چونکە ئەوکاتە سیگناڵەکان بە "هەمان" ئەتمۆسفێردا تێپەر ئەبن.




وێنەی ژمارە 7، چینە ئەتمۆسفێرییەکانی دەوری زەوی.

4.3 شکانەوەی سیگناڵەکان Multipath
کاتێك سیگناڵەکان بەر شوێنی دیکە دەکەون پێش ئەوەی بگەنە وەرگرەکان، واتە دوادەکەون. ئەمە دژوارترین هەڵەیەیە کە لەم سیستمەدا هەیە، چونکە پێناسەیەکی ماتماتیکی نییە، هەر ئەمەشە وای کردوە کە بەکارهێنانی جیپیئێس لە شارەکاندا زۆر بەرتەسك بێت.
هەندێك هەوڵ دراوە تا لەڕێی دیزاینی شێوە و قۆقزیی وەرگرەکەوە "ئەوانەی لە کاری ڕووپێوییدا بەکاردێن"، بە لایەنی کەمەوە ڕێ لەو سیگناڵانە بگرن کە لە زەوییەوە پەرچ ئەبنەوە .

سەرەڕای ئەمانە فاکتەری تریش کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو ئەنجامانەی دەستمان دەکەوێت، لەوانە جیۆمێتری سەتەلایتەکان، واتە چۆنێتیی دابەشبوونی سەتەلایتەکان لە "چاوی" وەرگرێکەوە، کە بە DOP [xv] ناسراوە . لەم بارەیەوە نموونەیيترین جیۆمێتری، کە (DOP=1) [xvi] ، کاتێکە کە سەتەلایتێك بەسەر خاڵەکەوە بێت و سیانیش لە بەرزی 15 پلەدا، بە "ئاسۆ"دا بڵاو بوویێتنەوە (واتە گۆشەی 120 لە نێوانیاندا).
بەشێوەیەکی گشتیی لە کاتی ئیشکردندا، DOP لە نێوان 4-2 ئەنجامی وا ئەدات بەدەستەوە کە لە کاری ئەندازەییدا پەسەند بێت.



وێنەی ژمارە 8، جیۆمێتری سەتەلایتەکان

کاتێك ئەم هەڵانە لەبەرچاو دەگرین، دوای دانانەوەی هاوکێشە(5) ، هاوکێشەی ژمارە (6) بەم شێوەیەی لێدێ:

$$r_k^p = \rho_k^p + c(dt - dT) + d_{ion} + d_{trop} + \varepsilon \qquad \dots (7)$$

کاتێك
$dt$ : هەڵەی کات لە سەتەلایتدا
$dT$ : هەڵەی کات لە وەرگردا
$d_{ion}$ : هەڵە بەهۆی دواکەوتنەوە لە ئایۆنۆسفێردا
$d_{trop}$ : هەڵە بەهۆی دواکەوتنەوە لە ترۆپۆسفێردا

: هەڵەكانی تری وەك شكاندنەوەی سیگناڵەكان و ریسیڤەر نۆیس[xvii] ئەگرێتەخۆی.

ئەگەر سەیری هاوكێشەی(6) بكەین، دەبینین كە چوار نەزانراوی تێدایە، سیانی تایبەت بە تان و پۆی وەرگرەكە، یەكێكیش تایبەت بە كات. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت كە بەلایەنی كەمەوە پێویستمان بە چوار هاوكێشەی لەجۆرە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین نەزانراوەكان شیكار بكەین. بۆیە هەموو جارێك بۆ دەستكەوتنی تان و پۆی خاڵێك، پێویستمان بە بەلایەنی كەمەوە چوار سەتەلایت هەیە، بەڵام ئەمە گرفتێك نییە كاتێك بە شێوەیەكی گشتیی لە هەرجێیەك بوەستیت، نزیك پۆڵەكان نەبێت، بە بەردەوامیی "بەلایەنی كەمەوە" تێكڕای شەش سەتەلایت لە ئاسمانتا ئەبێت.

5. DGPS—Differential GPS

جیپیئێسی جیاكارانە، یەكێكە لەو تەكنیكانەی كە بەكاردێت بۆ دەستكەوتنی ئەكوراتۆی باشتر. لێرەدا لە یەك كاتدا دوو خاڵ دەپێوین، بە مەرجێك یەكێك لە خاڵەكان تان و پۆكەی زانراو بێت، بۆ نموونە بە هۆی ڕێگا تەقلیدییەكانی ڕووپێوییەوە، ئەگەر دووریی نێوان ئەو دوو خاڵە لە 10 كم كەمتر بێت، ئەوا ئەو سیگناڵانەی دەگەنە وەرگرەكان بە هەمان ئەتمۆسفێردا تێدەپەڕن، بۆیە ئەتوانین مەزەندەی زۆربەی ئەو هەڵانە بكەین كە لە پێوانی خاڵی دووەمدا دروست بووە، لەڕێی دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان ئەوەی پێواومانە و ئەوەی بەهۆی ڕێگا تەقلیدییەكانی ڕووپێوییەوە دەستمان كەوتووە. لە بەشی داهاتوودا زیاتر لەسەر چۆنێتی دەركردنی سەرچاوەكانی هەڵە لە پێوانەكاندا دەدوێم.




وێنەی ژمارە 9، جیپیئێسی جیاكارانە

لە ئەدەبیاتی جیپیئێسدا ئەم پرۆسەیە تەنها كاتێك بە DGPS دەناسرێت كە كۆدەكان، نەك گۆشە یان ڕووی سیگناڵەكان بەكارهاتبن لە پێوانەدا، لە حاڵەتی دووەمدا هەمان پرۆسە بە Relative GPS ناسراوە.

ئەگەر ئەو خاڵەی دەمانەوێت بیپێوین لە جووڵەدا بێت، هەمان پرۆسە بە جی‌پی‌ئێسی کیناماتیک[xviii] ناو دەبرێت، لێرەدا پێویستمان بە لینکێکی ڕادیۆیی هەیە، تا لەڕێیەوە، لە وەرگرێکی جێگیرەوە، زانیاریی پێویست بۆ ڕاستکردنەوەی تان و پۆکانی وەرگرە گەڕۆکەکە بنێررێت. لە دانیمارک، دامەزراندنی تۆڕێک وەرگری جێگیر، کە وەک ڕیفرێنسیک بەکاردێن، هەموو وڵاتی گرتۆتەوە و لە ئەکوراتیۆی چەند سانتیمەترێکدا، تان و پۆ دیاریی دەکەن، زۆر بەکارهێنانی هەیە و زۆر کارئاسانیی ئەکات، بۆ دامودەزگا جیاوازەکان.[xix]




وێنەی ژمارە 10، نێتی ریفرێنسەکان بۆ Real Time Kinematic GPS، لە دانیمارک

6. جی‌پی‌ئێسی ڕێژەیی Relative GPS

ئاشکرایە کاتێك ئەتوانین باس لە پێوانی ڕێژەییانە بکەین کە بەلایەنی کەمەوە، دوو وەرگرمان هەبێت. مەبەستیشمان لەمە، دەستکەوتنی ئەنجامی وایە کە بەکەڵکی کارە ئەندازەییەکان بێت.

بێگومان ئەو ئامێرانەی کە لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا بەکاردێن، هەم ئەکوراتترن، هەم گرانتر، وەك پێشتر باسمان کرد، بەکارهێنانی ڕوو یان گۆشەی سیگناڵەکان و دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان سیگناڵی نێرراو و ئەو سیگناڵەی وەرگرەکە دروستی دەکات ئەکوراتیۆی باشتر ئەدات بە دەستەوە، چونکە لێرەدا لەجیاتی تەنها 0 و 1، ئەتوانین بەشی بچووکتری سیگناڵەکە بپێوین (کە دەکەوێتە نێوان 0 و 1 ەکەوە). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە ئەوە بێنەوە پێشچاو کە ماوەی نێوان 0 و1 بکەین بە 100 بەشەوە ئەو کاتە ئەتوانین هەتا 0.01 ی سیگناڵەکان بپێوین، ئەگەر ئەوەمان لەبیر بێت کە درێژیی شەپۆلەکانی L1، L2، نزیکەی 24 و 19 سانتیمەترە، ئەوکاتە 0.01 درێژیی شەپۆلەکان نزیکەی 2 میللیمەترێکە.




وێنەی ژمارە 11، پێوانی بەشەسیگناڵەکان

ئێمە ئەم ووردەکارییەمان بۆ دیارییکردنی بەشەسیگناڵەکان ئەوێت، واتە ئەو سیگناڵانەی کە ئەگەنە وەرگرەکان پێش ئەوەی سوڕەکەیان ( 0 – 360 پلە) تەواو بکەن، لەوێشەوە دیارییکردنی جیاوازیی ڕووی سیگناڵی نێرراو و دروستکراو.




وێنەی ژمارە 12، ژمێرەکردنی سیگناڵە تەواوەکان و بەشەسیگناڵەکان

لێرەوە دەردەکەوێت کە تێکرای درێژیی سیگناڵەکە بریتیە لە:

$F_k^p(t_0) = \psi_k^p(t_0) + N_k^p(t_0)$ ...(8) بۆ سەتەلایتی p.

$F_k^q(t) = \psi_k^q(t) + N_k^q(t_0)$ ....(9) بۆ سەتەلایتی q.

کاتێك

ژمارەی سیگناڵە تەواوەکانە. $N_k^q(t_0) = N_k^p(t_0)$

جیاوازیی ڕووی سیگناڵەکان دەردەبڕێت $\psi_k^p(t_0)$

ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرنجی بدەین ئەوەیە، کاتێك وەرگرێك دوای داگیرساندنی، جیاوازیی ڕوو و ژمارەی سیگناڵە تەواوەکان لەڕێی سەتەلایتێکەوە(23)

دەدۆزێتەوە، هەمان زانیاریی دەربارەی ژمارەی سیگناڵە تەواوەکان بەکاردەهێنێت بۆ دۆزینەوەی دووریی نێوان وەرگرەکە و سەتەلایتەکانی تر،
ئەمە ڕاستە هەتا ئەو کاتەی پەیوەندیی نێوان وەرگرەکەو سەتەلایتەکان ئەپچڕێت، کاتێك چیتر ئاسمانی لێوە دیار نابێت، (بۆ نموونە لە تونێلێکدا، یان لە شارەکاندا لە نێوان ئەپارتمێنتە بەرزەکاندا).

بە لێکدانی خێرایی سیگناڵ لە ڕێگەکانی هاوکێشەکانی سەرەوە، دووریی "زر"ی نێوان سەتەلایت و وەرگرەکانمان دەستدەکەوێت.

$$r_k^p(t) = \psi_k^p(t).\lambda + N_k^p(t_0).\lambda \quad .....(10)$$

بەڵام بۆ ئەوەی وردتر دووریی جیۆمێتریمان دەستبکەوێت، پێوستە هەڵەکانیش بخەینە هاوکێشەکانمانەوە:

$$\rho_k^p(t) = \psi_k^p(t).\lambda + N_k^p(t_0).\lambda + (dT_k - dt_p).c + d_{ion} - d_{trop} \ ...(11)$$

کاتێك

$dT_k$ هەڵەی کاتژمێری وەرگرەکەیە.

$dt_p$ هەڵەی کاتژمێری سەتەلایتەکەیە.

هەڵە کە بەهۆی تێپەڕبوونی سیگناڵەکان بە ترۆپۆسفێر و ئایۆنۆسفێردا دروست دەبێت $d_{ion}, d_{trop}$.

$c$ خێرایی ڕووناکییە لە بۆشاییدا.

لە لایەکی ترەوە کاتێك دوو وەرگر بەکاردەهێنین، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەتوانین زۆربەی هەڵەکان لە پێوانەکان دەربکەین، بە بەکارهێنانی میتۆدی جیاکاریی لە نێوان پێوانەکاندا، با بزانین چۆن؛

Single difference

بە جیاکاریی دووریی نێوان سەتەلایتێک و دوو وەرگر "کە لە هەمان کاتدا لە سەتەلایتێکەوە سیگناڵ وەردەگرن"، سەیری وێنەی ژمارە 13 بکەن:

$$\rho_{km}^p(t) = \rho_m^p(t) - \rho_k^p(t) \quad ... (12)$$

بە بەکارهێنانی هاوکێشەی 11 بۆ پێناسەکردنی دوورییە جیۆمێترییەکان:

$$\rho_k^p(t) = \psi_k^p(t).\lambda + N_k^p(t_0).\lambda + (dT_k - dt_p).c + d_{ion} - d_{trop} \ ...(13)$$

$$\rho_m^p(t) = \psi_m^p(t).\lambda + N_m^p(t_0).\lambda + (dT_m - dt_p).c + d_{ion} - d_{trop} \ ...(14)$$

ئاشکرایە لەیەکدەرکردنی ئەم دوو هاوکێشەیە وەك لە هاوکێشەی 12 دا هاتووە، هەڵەی کاتژمێری سەتەلایت، $td_p$، کە بۆ p و q وەك یەکە، لە پێوانەکەمان

دەردەكات. بە هەمان شێوە، ئەگەر دووریی نێوان p و q لە 10 كم كەمتر بێت، ئەتوانین بڵێین سیگناڵەكان بە هەمان ئەتمۆسفێردا تێپەڕ بوون و لێرەوە ئەو هەڵانەش كورت دەبنەوە.

Double difference

كاتێك دوو وەرگر لە هەمان كاتدا لە دوو سەتەلایتەوە سیگناڵ وەردەگرن، یان بە واتاياكی تر، بە جیاكاریی نێوان دوو سینگڵ دیفرێنس:

$$\rho_{km}^{pq}(t) = \rho_{km}^{q}(t) - \rho_{km}^{p}(t) \quad \ldots (15)$$

$$\rho_{km}^{pq}(t) = \left[\rho_{m}^{q}(t) - \rho_{k}^{q}(t)\right] - \left[\rho_{m}^{p}(t) - \rho_{k}^{p}(t)\right] \quad \ldots (16)$$

بەلەجیاتیی دانانەوەی هاوكێشەكانی 13 و 14 لە 16 دا دەردەكەوێت كە بەم شێوەیە هەڵەی كاتژمێری هەردوو  وەرگرەكانیش كورت دەبنەوە.

Triple difference

بە پێكەوەبەستنی دوو "دەبڵ دیفرێنس" دروست دەبێت، واتە كاتێك دوو وەرگر لە دوو كاتی جیاوازدا لە دوو سەتەلایتەوە سیگناڵ وەردەگرن

$$\rho_{km}^{pq}(t_1,t_2) = \rho_{km}^{pq}(t_2) - \rho_{km}^{pq}(t_1) \quad \ldots (17)$$

بە دانانەوەی 16 بۆ هەریەك لە كاتەكان:

$$\ldots (18) \; \rho_{km}^{pq}(t_1,t_2) = \left\{\left(\rho_{m}^{q}(t_2) - \rho_{k}^{q}(t_2)\right) - \left(\rho_{m}^{p}(t_2) - \rho_{k}^{p}(t_2)\right)\right\} - \left\{\left(\rho_{m}^{q}(t_1) - \rho_{k}^{q}(t_1)\right) - \left(\rho_{m}^{p}(t_1) - \rho_{k}^{p}(t_1)\right)\right\}$$

تریپڵ دیفرێنس" بۆ دۆزینەوەی هەڵەی گەورە لە پێوانەكاندا بەكار دێت، كاتێك تان و پۆی وەرگرەكان لە دوو كاتدا، جیاوازییەكی زۆریان "گەورەتر لەوەی لە مێتۆدەكەمان چاوەڕێی دەكەین" هەبێت، ڕێی تێدەچێت كە هەڵەیەك لە یەكێك لە پێوانەكاندا هەبێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم كە تاقیكردنەوەكان دەریانخستووە كە ئەو ئەنجامانەی بەشێوەیەكی گشتی ئەم سیستەمە
ئەیدات بەدەستەوە، هەم بە شەو و ڕۆژ، هەم لە وەرزە جیاوازەكانی ساڵدا، كەمێك ئەگۆڕێن. ئەمە جگە لەوەی  زریانە  گەردوونییەكان و هەژانی چینە جیاوازەكانی ئەتمۆسفێریش كاریگەرییان لەسەر ئەكوراتیۆی ئەنجامەكان هەیە.




وێنەی ژمارە 13، سینگڵ، دەبڵ، تریپڵ دیفرێنس.

## 7. بەکارهێنانەکانی

وەك ووتمان ئەم سیستمە لە سەرەتادا بۆ بەکارهێنانی سەربازیی بنیات نراوە، بێگومان ئێستاش لەم ئەم بوارەدا بەشێوەی جۆراوجۆر "کە بابەتی ئەم دەقە نییە" بەکاردێت. لەگەڵ ئەمەشدا بەکارهێنانی لە بواری ئەندازیاریی و خزمەتگوزارییە مەدەنییەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە تەشەنەسەندنداپە.

جیپیئێس کارئاسانییەکی گەورە ئەکات لە بواری ئەندازیاریدا، هێڵی بینین "Line of sight"، یان نادیاریی ئەو خاڵانەی ئەمانەوێت بیانپێوین، لە یەکەوە، بەبۆنەی دارستانێك، گردێك، هتد... ەوە، کە لە کاری ڕووپێوییدا گرفتێکی گەورەیە، لێرەدا چ باسێکی لێ نییە. لە لایەکی ترەوە دامەزراندنی وەرگرێك لەسەر تراکتۆرێك "تایبەت بەو مەبەستە"، لەڕێی کیناماتیک جیپیئێسەوە، بە ئاسانی، لە کاتێکی کورتدا، نەخشەی تۆپۆگرافیی ڕووبەرێکی گەورەمان ئەداتی، کە بە ڕێگە تەقلیدییەکانی ڕووپێویی، کارێکی ئاسان نییە.

لە فۆتۆگرامێترییدا "وێنەگرتن لە فڕۆکەوە بۆ بەکارهێنانی ئەندازەیی"، پەیوەستکردنی وێنەکان بە تان و پۆی ئەو کامێرەیەوە کە وێنەکەی پێگیراوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بە تایبەتی لە ڕاستکردنەوەی وێنەکاندا لە کاریگەریی "هێلکەیتیی" گۆی زەوی، واتە کاتێک تەنێک کە لە سێ دووریدا بوونی هەیە، لە ڕوویەکدا "نەخشەیەکدا"، دەردەبڕین، کە تەنها دوو دووریی هەیە.[xx]








تا ئێستا گرفتی ئەم سیستمە ئەوەیە کە لە شارەکاندا ئەو ئەکوراتیۆیە نادات بەدەستەوە کە بۆ هەندێك لە پرۆژە ئەندازەییەکان پێویستە. ئەگینا لە خزمەتگوزارییە مەدەنییەکاندا، ئەکرێ بۆ نموونە، دەزگاکانی فریاکەوتن، کەڵکی باشی لێ ببینن بۆ دیاریکردنی شوێنی ڕووداوێك، جگە لە بەکارهێنانی وەك ڕێنیشاندەرێك لە ئۆتۆمبیلدا یان لە گەشتیارییدا. ئێستا، لەگەڵ هاتنی ئەم مۆبایلە تازانەدا، تەنانەت پێویستی بە ئامێرێکی تایبەتیش نەماوە بۆ ئەوەی بەردەوام نوێترین نەخشەی چەندەها وڵاتت لەبەر دەستا بێت.








.8**GLo**bal **NA**vigation **S**atellite **S**ystem – GLONASS

گلۆناس مۆدیلی سۆڤێتی ئەم سیستمەیە، لە ساڵی 1982 دا یەکەمین سەتەلایتی ڕەوانەی خولگەکەی کراوە، بڕیار بوو ساڵی 1991 پرۆژەکە تەواو ببێت، بەڵام ئەم بەروارە دوا کەوت بۆ سەرەتای 1996. ئەوەی ڕاستی بێت باری ئابووریی ڕووسیا و پێویستیی بەردەوامی سیستمەکە بە نوێکردنەوە، وای کرد کە تەنها هەر بەشێکی ئەو ساڵەش بە هەموو توانای خۆیەوە کار بکات.

گلۆناسیش لە 24 سەتەلایت پێکهاتووە، لە دووریی 19.100 کیلۆمەتردا دابەشبوون بەسەر 3 خولگەدا، بە گۆشەی 64.8 لەگەڵ ئایکوەتۆردا. جیاوازیی گەورەی گللۆناس لەگەڵ جی پی ئێسدا ئەوەیە کە هەر سەتەلایتێک بە لەرەلەرێک سیگناڵ دەنێرێت.

پلانی نوێکردنەوەی سیستمەکە لە 2001 دانراوە و هەر لە 2002- 2003 دا

7 سەتەلایتی بۆ ڕەوانەکراوە و بڕیارە لە 2006 دا جارێکی تر سیستمەکە بە هەموو توانای خۆیەوە بکەوێتەوە کار، جگە لەوەی پلانی مۆدێرنکردنەوەی سیستمەکە و ناردنی کۆمەڵێک سەتەلایت[xxi] بە سیگناڵی نوێوە بۆ بەکارهێنانی مەدەنی لە نێوان 2005-2011 دانراوە.

- گالیلیۆ Galileo.9

ئەوروپا لە مانگی 3ی 2002 وە خەریکی بنیاتنانی سیستمێکی هاوشێوەی جی‌پی‌ئێسە، کە نیاز وایە لە ساڵەکانی 2006 و 2007و دا سەتەلایتەکانی ڕەوانەی خولگەکانی خۆیان بکرێن و لە 2008 وە بتوانرێت بەکاربێت.[xxii] جیاوازیی ئەم سیستمە لەگەڵ جی‌پی‌ئێس و گلۆناسی ڕووسیدا ئەوەیە کە ئەمیان سیستمێکی مەدەنی کراوەیە بۆ کارکردن لەگەڵ سیستمەکانی تردا.
گالیلیۆ لە 30 سەتەلایت پێکدێت، دابەشبوون بەسەر 3 خولگەدا، لە دووریی 23616 [xxiii] کیلۆمەترەوە لە ڕووی زەوییەوە. بێگومان ئەم سیستمەش پێویستی بە چەند بنکەیەکی کۆنترۆڵ و وەرگری تایبەتە ئەبێت کە بتوانێت کار لەگەڵ گالیلیۆ و جی‌پی‌ئێس و گلۆناسیشدا بکات.

## پەراوێزەکان

---

[i] Coordinate،
بێگومان چەند سیستمێکی جیاوازی تان و پۆ هەیە، لەوانە دیارییکردنی تان و پۆ لەڕێی سێ دوورییەوە، "سیستمی کارتیزیی"، یان لەڕێی دوورییەک و دوو گۆشەوە "سیستمی پۆلار".
بۆ زانیاریی زیاتر www.colorado.edu/geography/gcraft/notes/coordsys/coordsys.html بڕوانە

2. ئەکوراتیۆ ئەو وشە لاتینییەیە کە بەرامبەر 'Accuracy' ی ئینگلیزی و 'الدقة'ی عەرەبییە.
وشەکە بە ناو و فرمان و ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان و بەرامبەرەکانیان بە ئینگلیزی، بەم شێوەیەیە:

ACCURATIO : N - accuracy, preciseness, care; carefulness, painstakingness; treatment (medical);
ACCUR : V - take care of, attend to (duties/guests), give attention to; perform with care;
ACCURAT : ADJ - accurate, exact, with care, meticulous; carefully performed/prepared; finished;
ACCURATE : ADV - carefully, accurately, precisely, exactly; nicely; painstakingly, meticulous;

سەرچاوە:http://www.incunabulabooks.com/ibrflat1.htm

iii. ڕاسـتره بڵێم، له نێوان هێڵی پانیی 80-ی باکوور و 80-ی باشـووردا.

4. سـیگناڵ، له مەودای ئەم باسـەدا، ئەو هێما ڕادیۆیی‌یانەیە کە سـروشـتێکی شـەپۆلییان هەیە و سـەتەلایتەکانی جی‌پی‌ئێس دەیاننێرن.

v. هەمان سـەرچاوەی ژمارە دوو.

vi. ڕاسـتره بڵێم،23:56:00 (h:m:s).

vii. 1984 World Geodetic System بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە http://www.wgs84.com،

ئەمە کارێکی گران نییە، لەگەڵ پەیدابوونی چەندەها پرۆگرامی خۆڕاییدا (Freeware)، ئەگەر نا، پرۆگرامێکی وەك(Microsoft Excel)یشـدا بە ئاسـانی ئەکرێت، دوای دۆزینەوەی viii. تەنانەت لە فاکتەرەکانی گواسـتنەوە لە نێوان داتۆمە لۆکاڵەکە و گلۆباڵەکەدا.

ix
ئەو پێناسـەیەی ڕووی گۆی زەوییە کە لە هەموو خاڵێکدا ئەسـتوونە لەسـەر هێزی ڕاکێشـانی زەوی و بێکومان بە باشـترین شـێوە ئەگونجێت لەگەڵ تێکرای گلۆباڵیی بەرزیی ڕووی دەریادا.

x. هەمان پرنسـیپەکانی پەڕاوێزی 5 بۆ گۆڕینی بەرزیی لە نێوان سـیتمە جیاوازەکاندا، ڕاسـتن.

xi. Electronic Distance Measurements، کە لە کاری ڕووپێوییدا بەکاردێن، لێرەدا لەجێی وەرگر، پەرچکەرەوەکان بەکاردێن و سـیگناڵەکان بەرەو نێرەرەکان پەرچ دەکرێنەوە، بۆیە ئەو کاتەی کە سـیگناڵەکە دەیبڕێت دابەشـی دوو دەکرێت.

جگە لەوەش لە بەکارهێنانی جی پی ئێس دا، لەڕێی پەیوەندییەکی یەک لایەنانەوە تان و بە پێچەوانەی بۆ نموونە ئی دی ئێم وە، کە سـیگناڵەکان دوای xii. پۆکانمان دەسـتدەکەوێت، گەیشـتنیان بە "پەرچکەرەوەکان"، ئەگەڕێنەوە نێرەرەکان، ئەو کاتەی پێیان چووە دابەشـی دوو ئەکرێت، ئیجا لێکدەدرێت لە خێرایی سـیگنالەکە، بۆ ئەوەی دووریی نێوان نێرەر و وەرگرەکە ژمێرەبکەین.

xiii. لە ڕاسـتیدا ئەکوراتترین خێرایی ڕووناکی لە بۆشـاییدا 299.792.458 مەترە لە چرکەیەکدا. http://www.the-solar-system.net/

Psedeorange.xiv

15. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پرنسـیپەکانی دۆزینەوەی جیاوازیی کات لە نێوان سـیگناڵی نێرراو و وەرگیراو بڕوانە
GPS for Land Surveyors, Jan Van Sickle, USA, 1996

xvi. شـێوەکانی DOP زیاتر لێرە باسـکراوە
**TOPOGRAPHIC SURVEYING**، چاپتەری هەشـت
http://www.cartome.org/FM3-34/Topographic-Surveying-TOC.htm

17. ڕسیفەریش، وەک هەر ئامێرێکی ئیلیکترۆنی، لە کاتی ئیشکردنیدا، جوڵەی ئیلیکترۆنەکان و ئەو گەرمییەی دروستدەبێت، کاریگەریی دەبێت لەسەر ئاستی بە وردیی دیارییکردنی ئەو کاتەی سیگناڵەکە پێیچووە تا گەیشتۆتە
وەرگرەکە.

xviii. Kinematic GPS

xix. http://www.gpsnet.dk/

21. هەمان شت کە بۆ فۆتۆگرامێتریی ڕاستە، بۆ "ڕیمۆت سێنسین"یش ڕاستە. لێرەدا وێنەکان لە سەتەلایتی ترەوە دەگیرێن، کە لەڕێی سێنسەری تایبەتەوە پەرچدانەوەی شەپۆلەکانی شەبەنگ و تیشکەکانی ژێرسوور "Infrared" تۆماردەکەن. ئەم تەکنیکە لە توێژینەوە ناوچەیی و گلۆباڵییەکاندا، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕانەکانی کەش و ژینگە، بۆ نمونە دیاردەی سوتاندن و پرینەوەی دارستانەکان و
کاریگەریی لە پرۆسەی گۆڕان و بەرهەمهێنانەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسجیندا،
هتد...، و
بەکاردێن. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم سەرەتایەکیش دەربارەی "Remote Sensing" بنووسم.

xxi. کە پێیان دەوترێت K-Satellites، و 10 ساڵ کار دەکەن،
7-8 ساڵ ئیش دەکەن. M-Satellitesسەتەلایتاکانی ئەم سیستەمە تەمەنیان 3 ساڵە، ئەوانەی 2002-2003 نێرران

xxii. http://europa.eu.int/comm/dgs/energy_transport/galileo/index_en.htm

ئاشکرایە کە بەرهەمی بەئەکسەدەبوون لە ئەنجامی سووتاندنی سووتەمەنیە جیاوازەکانەوە ڕاستەوخۆ دەچێتە هەواوە. و دەبێتە هۆی پیس بوونێکی ترسناکی هەوا بەتایبەتی لە سەنتەری شارەکاندا. بەڵام لەناوچە گوندیەکاندا ئەم دیاردەیە کێشەیەکی گەورە دروست ناکات. پیس بوونی هەوایی دێتە ئەنجام بە بوونی مادەیەکی پیسکەر یان زیاتر لەهەوادا بەبڕو ماوەی پێویست کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەتەندروستی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ و ئاژەڵ وڕووەك.

➢ گەردیلە شل و ڕەقە هەڵواسراوەکان لەهەوادا ( الهباء الجوی ) Aerosol

گەردیلە غەرەویەکان ( Colloidal) یان نیمچە غەرەویەکان کە هەڵواسراون لەگازەکاندا پێیان دەوترێت ( هەبائی جەوی ) و لەسەر شێوەی شل دەبێت وەك لەتەمومژو هەوردا هەیە یان لەسەر شێوەی ڕەق دەبێت وەك لە دوکەڵ و هەڵم( Fumes) و تەپوتۆز و خۆڵەمێشی لەهەوادا بلاو.



گازە دەرچووەکان بۆ ناو ژینگە تێکەڵ بەهەوا دەبن و دەتوێنەوە لە دڵۆپە بچوکوکاندا( Droplets) یان هەڵدەمژرێت لەسەر ڕووی گەردیلە هەڵواسراوەکان.

هەبائی جەوی جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ گیراوە غەرەویەکان ( Sols)دا و ئەم جیاوازیانەش گرنگی گەورەیان هەیە لە جێگیرکردنی یان جێگیرنەکردنی دوکەڵ و تەمومژی دوکەلاوی ( Smog) و هەڵمەکان لە ژینگەدا.لەو جیاوازیانەش :-

1. هەڵگرتنی هەموو گەردیلەکان لەناو گیراوەی ئاوی غەرەویەکەدا بەیەك جۆر بارگە. بەلاّم لەهەبائی جەویدا ئەو گەردیلانە هەیانە بارگەی موجەب و هەیانە بارگەی سالب و هەشیانە هیچ بارگەیەکیان هەڵنەگرتوە.
2. گەردیلەکانی هەبائی جەوی هەڵواسراون لەناوەندێکی لینجی نزمدا و ناوەندی ئاڕاستەی سەربەستی ( Mean Free Path) درێژترە لەو گەردیلانەی کە هەڵواسراون لەگیراوە غەرەویەکەدا.
3. هەبائی جەوی هەندێ سیفاتی تایبەتی هەیە لە ڕوناکی و گەرمی , هەندێ لەو گەردیلانە بەرەو ڕوناکی دەڕۆن , بەلاّم لەهەندێ جۆری تردا دوور دەکەونەوە لە سەرچاوەی ڕوناکی. ئەم دیاردەیەش پێی دەوترێت. دوکەڵێکە ڕەشی خەست ( سەخام ) و مەوادی ڕەقی تر وەك غوباری ئاسن و بۆیەکان وەك مە ثیلی شین

( Methylene Blue) و تەنانەت غوباری کەونیش دەجولێت دوور لە ڕووناکی.
بەلاّم هەندێ لە دوکەلّەکان وەك دوکەلّی جگەرە و هەبائی جەوی کە دلۆپەی بچوکی شلی ڕوونیان تیادایە و لە هەبائی جەویشدا کبریت وسلینیۆم و .....هتد بەرەو ڕووناکی دەجولّێن.
دیاردەی Photophoresis لە هەبائی جەویدا بۆ کاربۆنی ڕەش ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت بەرەو گۆشەکانی جێگەکە بچێت کاتێك بەر گورزەیەکی یەکتربڕی ڕووناکی دەکەوێت.
4.هەموو جۆرەکانی هەبائی جەوی دووردەکەونەوە لە بارستە گەرمەکان. بەلاّم بە بارستە ساردەکانەوە دەنوسێن. ئەم کارەش دەتوانرێت ببینرێت لەسەر ڕووی ناوەوەی دیواری بیناکان کاتێك تۆزو غوبار و لەسەریان دەبینرێت, هەرکاتێکیش ژوورەکە گەرمکرا ئەوا تۆز و خۆلّەکان لەسەر کەل وپەلەکان کۆ دەبنەوە چونکە ساردترن. ئەگەر گەرمی تیشکی ( Radiant Heat) بەکارهات ئەوا کەل وپەلەکان گەرمتر دەبن و تۆزو خۆلّ کەمتر لەسەریان دەنیشێن.
5. بارستەکان لە هەبائی جەویدا گاز و هەلّمەکان لەسەر ڕووەکانیان هەلّدەمژرێت, بۆ نمونە 1 دسم3 لەکاربۆنی ڕەش بڕی 50سم3 لەکاربۆنی ڕەقی تیادایە. ئەم بارستانەش لەگەلّ یەکتردا جیان بەهۆی بوونی چینێکی ئەستوور لەهەوای هەلّمژراو.

## ➢ دوکەلّ

دوکەلّ بریتیە لە هەبائی جەوی کە لەئەنجامی سووتانی ناتەواوە پێك دێت ، پێك هاتەو سیفاتەکانی دەگۆڕێت بەگۆڕانی سووتەمەنی و بارودۆخی سووتانەکە.
دوکەلّی ئەو سووتەمەنیانەی لەناومالّدا دێتە بەرهەم جیاوازە لەو دوکەلّەی کەلەئەنجامی سووتانی سووتەمەنی بۆ پیشەسازیەکان بەکاردێت.
دوکەلّی جگەرە بەشێوەیەکی سەرەکی پێك دێت لە دلۆپەی بچوکی شلی هەلّواسراوو گیراوەی ئاوی و زەیت و قەتران ( Tar) لەکاتی سووتانی خەلّوزی قیری و زەیتە قورسەکاندا بەبڕی ناپێویست لە ئۆکسجین خراپترین جۆری دوکەلّ بەرهەم دێت

لەڕووی پیسی و داخورانەوە. و بارستە گەورەکانیش بڕی 15٪ کێشی هەڵدەمژن لەڕەشی شیٚ و گازە ترشەکان.

هەبائی جەوی پێکهاتە ئاڵۆزەکان کە بە دوکەڵ ناسراوە لەوانەیە گازاتی ژەهراوی و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن وکبریتیدی هایدرۆجینی تیادایە لەبارودۆخی بەئۆکسیدبونی خراپ. هەروەها دووەم ئۆکسیدی کبریت و سێیەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تیادایە لەبارودۆخی سوتاندنی ئاساییدا. هەروەها لەوانەیە کە هەڵم و دڵۆپەی بچوکی هایدرۆکاربۆنی ناتێر و دیهایدات و بڕۆکسیدات و قەتران و ترشە ئەندامیەکان و دوکەڵی ڕەشی خەست (سخام ) و غوبار و خۆڵەمێش و مەوادی ڕەقی تریشی تیادابێت.

خشتەی ژمارە ( 1 ) پیشانی ئەدات کەلە ساڵێکدا لەلایەن وێستگەیەکی بەرهەم هێنانی کارەبادا کە توانای 1 ملیۆن کیلۆواتی هەیە چەندە مەوادی پیسکەر دەردەکات.

الجدول ( ١ ) المواد الملوثة المنبعثة سنويا من محطة
توليد طاقة ذات مليون كيلو وات

| المواد الملوثة | طن متري (1000) كغم ) الفحم | الزيت | الغاز الطبيعي |
|---|---|---|---|
| $SO_2$, $SO_3$ والخ . | 139,000 | 52,500 | 12 |
| NO, $NO_2$ والخ . . | 21,000 | 21,500 | 12,000 |
| هيدروكربونات | 210 | 670 | لا يوجد |
| CO | 520 | 8 | لا يوجد |
| الديهيدات والخ . . | 52 | 115 | 31 |
| | 160,782 | 74,793 | 12,043 |

- ئەو هەبائی جەویەی کە لەئەنجامی کارلێکردنی هەندیٚ لەپێك هاتەکانی دوکەڵ لەگەڵ تەمومژ یان هەڵمی ئاودا پێك دێت پێی دەوترێت تەمومژی دوکەڵی S mog کە ئەم جۆرە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بینین و ڕێگە دەگرێت لە تێپەڕبوونی تیشکی سەروو بنەوشەیی و ئەمەش دەبێتە هۆی سوتاندنەوەی چاوو لەوزەتێنەکان.

بۆنموونە لەساڵی 1952 دا لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیادا 4000 کەس مردن بەهۆی سووتاندنەوەی سیەکانیانەوە بەهۆی زۆری و چڕی تەمومژی دوکەڵیەوە.

- **دوکەڵی بەرهەمهاتوو لە ئۆتۆمبێل و فڕۆکەوە**

لەشاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکادا ( کەیەکێکە لەو شارانەی کە پیس بوونی هەوا تیایدا زۆرە ) هۆکاری سەرەکی بریتیە لە بونی ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێل تیایدا کە ئەمەش سەرچاوەی سەرەکی تەمومژی دوکەڵاویە.
لێکۆڵینەوەیەك دەریخستوە کە هەریەکە لە پێك هاتەکانی تەمومژی دوکەڵیدا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان سووتاندنەوەی چاو لەگەڵ چڕی هیدرۆکاربۆناتی ناتێر کە لەئەنجامی سووتاندنی لەئۆتۆمبێلدا دەردەچێت هەروەها ئەم پێك هاتانە زیانیش دەگەیەنێت بەبەروبومی ڕوەکی. هەروەها لێکۆڵەرەوەکان دەریان خستوە کە بڕۆکسایدە ئەندامیەکان و ئۆزۆن و ئۆکسیدە نایترۆجینەکان و بەرهەمی بەئۆکسیدەبونەکانی ترەوە زیان دەگەیەنێت بە ڕیشاڵەکان و لەناوبردنی مەتات و قوماش و داپۆشێنەرەکان.
خشتەی ژمارە ( 2 ) شیکارە نزیکیەکان بۆ گاز و هەڵمە پیسکەرەکان لە سەنتەری شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکادا لەڕۆژێکی خۆش و ڕۆژێکی تەمومژاویدا دەردەخات :

الجدول ( ٢ ) تحاليل تقريبية للغازات او الأبخرة
الملوثة في مركز مدينة لوس انجلوس

| المادة الملوثة | التركيزجزء في المليون ،أو سم³بخار/ م³ | |
|---|---|---|
| | يوم صافي | يوم مضب |
| أول اوكسيد الكاربون | 3.5 | 23.0 |
| هيدروكربونات | 0.2 | 1.1 |
| بروكسيدات | 0.1 | 0.5 |
| أكاسيد النتروجين | 0.08 | 0.4 |
| الديهيدات منخفضة الوزن الجزيئي | 0.07 | 0.4 |
| اوزون | 0.06 | 0.3 |
| ثاني اوكسيد الكبريت | 0.05 | 0.3 |

- گومانی تیادا نیە کە سووتانی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل هۆکارێکی سەرەکیە بۆ پیس بوونی هەوای شارەکان. نەهێشتنی ئەو پیس بونەی کەلەئۆتۆمبێلەوە بەرهەم دێت زۆر گرانترە لە لابردنی ئەو پیس بونەی کەلەو ئامێرانەوە بەرهەم دێت کە جێگیرن. بەم شێوەیە پیس بوون بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە زۆر کاریگەرترە لە شارەکاندا و بەتایبەتیش ئۆتۆمبێلە گەورەکان کە گازۆیل بەکار دەهێنن بۆ سوتاندن بە تایبەتیش لە کەش و هەوایەکی گەرمدا.

ئەو هایدرۆکاربۆنەی کە لە ئەنجامی سووتاندنی ئەو سووتەمەنیانەوە بەرهەم دێت, بەشێوەیەکی کیمیاوی تێك دەشکێت بەکاریگەری ڕووناکی ڕۆژ و دەبێتە هۆی

دروست بوونی بارستەی بچوك كە پێكهاتوە پیسەكان لەسەر ڕوەكەی هەڵدەمژێت , هەروەها ئەو كبریتەی كە لە گازۆلین و بەنزیندا هەیە زیان بەخشە بەشێوەیەكی تایبەتی پیس بوون بەهۆی بزوێنەرەكانی فڕۆكەشەوە لەم ساڵانەی دوایدا زۆر بوە. چونكە توانای بزوێنەرەكانی فڕۆكە نوێیەكان زۆر بەرز نیە لەكرداری سوتاندندا و زۆر جار دەبێتە بەرهەمهێنانی بڕێكی زیاد لە هیدرۆكاربۆن و مەوادی تر كە مادەی پیسكەری ژینگە وهەوان.

پیس بوونی هەوا بەهۆی فڕۆكەوە ئاسایی لە دەوروپشتی فڕۆكەخانەدایە , بەڵام لەناوچەكانی تردا زۆر گرنگ نیە , چونكە فڕۆكەكان لە ئاستی زۆر بەرزدا دەفڕن و ئەو هایدرۆكاربۆنەی كە بەرهەم دێت دەتوانرێت بەكاریگەری هۆكارە سروشتیەكان بگۆڕدرێت بۆ دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و هەڵمی ئاو.

جۆری تریش هەیە لە دوكەڵ وەك : دوكەڵی كیمیاوی وهەڵمی كیمیاوی و جۆری تری دوكەڵیش بەرهەم دێت بۆ مەبەستی سەربازی وەك داپۆشێنەری دوكەڵی ڕەش ( Black Smoke Screen ) كە بەرهەم دێت لە ئەنجامی سووتانی نەوتی ڕەش و چوارەم كلۆریدی قەصدیر و چوارەم كلۆریدی تیتانیۆم و ترشی كبریتیكی دوكەڵاوی ( Oluem) و خارصین لەگەڵ شەشەم كلۆریدی ئیثان و هەندێ مەوادی تر.

## ➢ ڕێگرتن و چارەسەركردنی پیس بوونی هەوا

دەتوانرێت زۆربەی پیس بوونی هەوای شارەكان كەمبكرێتەوە بۆ ئاستێكی زۆرباش بەبەكارهێنانی ڕێگەی سووتاندنی گونجاو. تەنانەت دەتوانرێت كە قەتران و مەتاتیش بسوتێنرێت بەبێ دوكەڵ بەمەبەستی دابینكردنی كەش وهەوایەكی گونجاوی سووتاندن , پێویستە ڕێژەی هەوا و سووتەمەنیەكە ڕێكبخرێت لەگەڵ كۆنترۆڵكردنی 4 هۆكاری تر كە سووتاندنی بێ دوكەڵ بەرهەم دێنێت. ئەوانیش پلەی گەرمی و كات و تێكچون و چارەسەری گازە دەرچوەكانە.

پلەی گەرمی بەرز سووتانەكە خێراتر دەكات و ماوەی مانەوەی هەڵمەكانیش لەناوچە پلە گەرمیە بەرزەكاندا دەبێت درێژترین ماوە بێت تا بتوانرێت , لەبەرئەوە ژووری سووتانی درێژ باشترە. بەڵام تێكچوون دەبێتە هۆی زیادبوونی گریمانەی ڕوودانی بەریەك كەوتنێكی بەهێز لەنێوان گازە گەرمەكان و قەبارە

بچوکە هەڵواسراوەکان پیایدا لەگەڵ ئۆکسجیی گەرمدا. ئەگەر ئەم سێ هۆکارە بێنە دی ئەوا گازە بەرهەم هاتووەکان لەکرداری سوتاندنەکە هیچ مادەیەکی تیادا نابێت کە توانای سووتانی هەبێت و نەسووتابێت. بەڵام لابردنی قەبارە بچوکە هەڵواسراوەکان و خۆڵەمێش و خوێکان و دڵۆپە بچوکە ترشەکان لە دوکەڵدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت بە چارەسەرێکی تایبەتی کە پشت ئەبەستێت بە سیفاتی جۆری هەبائی جەویەکە. لەگەڵ ڕێگرتن لە غوبار و هەڵمەکان لە داڕشتەکان و کارگەکانی چیمەنتۆ و کارگەکانی کانزاکان ...هتد لەپیس بوونی جەو کە دەتوانرێت بەم ڕێگایانە لابرێن :-

### 1. نیشتنی کەهرۆستاتی Electrostathc Precipitation

وەك لەئامێری کوتریل ( Cotrell) دایە لەوێنەی ژمارە ( 1) دا دیارە کە تیایدا ڤۆڵتیەیەکی کارەبای زۆر بەرز بەکار دەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی غوبار وهەڵمەکان و گەردیلە زۆر بچوکەکان لە ڕێڕەوی گازەکەدا کە لەچوار هەنگاو پێك دێت :-



وێنەی ١٧ مرسب كهروستاتي

بارگاوی کردنی قەبارە بچوکەکان بەئایۆنکردن و گواستنەوەی ئەو قەوارە بارگاویانە بۆ ڕووی کۆکەرەوە کە بەکاریگەری بواری کارەبایی و دواتر هاوسەنگ کردنی بارگەکانی ئەو قەوارە بارگاویە نیشتوانە لەسەر ڕووە کۆکەرەوەکە و لابردنی بەشۆردن و ( Rapping).

### 2. پالاوتن Filteration

بەبەکارهێنانی پاڵێوەرەکان , وەك ڕیشاڵی شوشەیی ( Glass Fiber) یان کیسی ڕیشاڵی کە مامەڵەی پێکراوە لەگەڵ سلیکۆندا بۆ پالاوتنی گازە گەرمە دەرچووەکان.

یان بەکارهێنانی ڕیشاڵی تر یان لباد بۆ پاڵاوتنی هەبائی جەوی سارد وەك لەوێنەی ژمارە ( 2 ) دا دەردەکەوێت.




3 . جیاکردنەوە بە دەرهاویشتەی ناوەندی ( Centrifugal Separation)

بەشێوەیەك کە مەوادە هەڵواسراوە خێرا جوڵەکان ڕێڕەوەکانیان دەگۆڕدرێت و قەوارە بچوکەکان فڕێدەدرێن بەرەو دیوارەکان بەهێزی دەرهاویشتەی ناوەندی. ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی قەوارە زۆر بچوکەکانی هۆکارە یارمەتیدەرەکان لەگازە دەرچووەکانەوە لە گێڕەرەوەی شکاندن بە یامەتیدەری کیمیاوی ( Catalytic Cracking Regeneration).

### 4. بەکارهێنانی کۆکەرەوەی شێ Wet Colectors

کەدووجۆری هەیە :–

1. قەوارە بچوکەکان جیادەکرێنەوە لە ڕێڕەوی گازەکە کاتێك کە دەگەڕێنرێتەوە و بەر ڕووی شلی ناو کۆکەرەوە کە دەکەوێت.
2. سازکردنی قەوارە هەڵواسراوە بچوکەکان بەزیادکردنی کاریگەری قەبارەیان کەدواتر دەتوانرێت بەئاسانی کۆ بکرێتەوە بە ڕێگای تر.

➢ هەبائی جەوی تەقاوە

غوباری کانزا جیاوازەکانی ( ئەلمنیۆم و مەگنیسیۆم و خارصین و ئاسن و تیتانیۆم ) و غوباری گەنم و ئارد و پاودەر و ڕیشاڵەکانی باکلیت ( Bakelite Resin) و ڕیشاڵی لەدائینەکان و غوباری تەختە و ووردە دڵۆپە زەیتیەکان لەجۆرەکانی هەبائی جەوین , کەسەرچاوەی زۆرێك لە تەقینەوە تێچووە گرانەکانن و هەندێك جاریش بکوژیشن. توانای غوبار بۆ تەقینەوە ودەسپێکردنی کرداری سووتاندن پێویستی بەکەمترین ئاستی وزە دەبێت بۆ شەرارەی کارەبایی و پشت دەبەستێتە سەر سروشتی کیمیاوی و پلەی گەرمی گرگرتنی و چری قەوارە بچوکەکان و قەبارەیان و ڕێژەی شێداری ئەو غوبارە.

پلەی گەرمی گرگرتن پشت دەبەستێتە سەر سروشتی مادەکە زیاتر لە پشتبەستن لەسەر تیرەی قەوارە بچوکەکە لەکاتێکدا کە قەبارەکانیان زۆر بچوك بێت. وە قەوارە بچوکە هەڵواسراوە گەورەکان پێویستیان بەپلەیەکی گەرمی بەرزتر دەبێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو. شێداری جەوی توانای تەقینەوەی هەبائی جەوی کەمدەکاتەوە , هەڵمی ئاو بڕێکی زیاتری دەوێت لەگەرمی بۆ گەرمکردنی قەوارە بچوکەکان بۆ پلەی گەرمی گرگرتن , هەروەها شێ دەتوانێت کارەبای ستاتی بلاٌوە پێبکات کەلەئەنجامی جوڵەی قەوارە بچوکەکانی هەبائی جەویەوە پێك دێت. هەروەها غوبارێ کەتوانای سووتانی نەبێت دەتوانێت کە توانای هەبائی جەوی و تێکەڵەی گازەکان بۆ تەقینەوە کەمبکاتەوە. ئەوەش بە کۆتایی هێنانی کارلێکە زنجیرەییەکان( Chain Reaction) لەبەر ئەم هۆکارەشە کە غوباری بەردیی لەسەر ڕەفەو لێواری کانەکانی خەڵوز دادەنرێت , بەلاٌم هەندێ غوباری تر کە توانای سووتانیان نیە دەبنە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ هەندێ کارلێکی گازیی وەك غوباری

پلاتین بۆ تێکەڵەی هایدرۆجین و ئۆکسجین یان تێکەڵەی هەواو هایدرۆجین.

دەشێت کە تەقینەوەی غوبار ڕووبدات لە لولەی گازە سەرەکیەکاندا و ئەو گەردیلانەی کە دەتوانرێت بارگاوی بکرێت لەکاتی ڕۆیشتنیدا بریتیە لە گەردیلەی FeO و کبریتی سەربەست و قەتران و دڵۆپەی بچوکی زەیتەکان و .....هتد.



هەندێ غوبار پێك دێن لەناو لولەی گازە سەرەکیەکاندا لە ئەنجامی داخورانی لولەکە فولازیەکان بەهەڵمی ئاو و کبریتیدی هایدرۆجین و ئۆکسجینی ناو گاز.

دەتوانرێت کە ڕێگە بگیرێت لەتەقینەوەی گازەکان بەگرتنەبەری هەندێ ڕێ و شوێن لە ناومالدا وەك بوونی هەوا گۆڕکێی پێویست و کۆکردنەوەی غوبار و ئامێری هارپینەکان و دوورخستنەوەی ئاگر و ئەو بارودۆخەی کە دەبێتە هۆی بزیسکە ( شەرارە ) دروستکردن ئەوەش بەدوورخستنەوەی ئەو غوبارانەی کە توانای سووتانیان هەیە ...

* * * * *
* * * *

سەرچاوە :-
------
➢ الكيمياء الهندسية / اعداد : د. محمود عمر و سهام حسن و د. قاسم جبار و د. عبدالله عبد عباس / 1983 / بغداد / عراق.

# بەسەرکردنەوە



سەرۆک ئەندازیارانی پێشکەوتوو / عەبدولقادر محەمەد ئەمین

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی کەرکوک

## فەرمانگەی ئاوی کەرکوك

**یەکێك لە فەرمانگە گرنگ و پڕخزمەتگوزاریەکان بۆ سەرجەم دانیشتوانی شاری کەرکوك بەبێ جیاوازی..**

وةك وتراوة ئاو سةرضاوةىذيانةو ئاو و ئاوةدانيشيان وتووة، ئاشكراشة مرؤظ طةر بة تةنها و لة جيَطةيةكى ضؤلَيشدابيَت ئاوى بؤ زؤر مةبةست ثيَويستة و ناتوانيَت ذيان بة بىَ بوونى ئاو بةردةوامى هةبيَت، جا ضجاى خيَزان و كؤمةلَ و شارةطةورةكان كة لة ئيَستادا ثيَويستى بؤ بةكارهيَنانى ئاو دةهيَندةى جاران زيادى كردووة بةهؤى زؤر بوونى ذمارةى دانيشتوان و كارطةو خزمةتطوزاريةكانى ترةوة.
شارى كةركويش يةكيَكة لة شارةطةورةو قةرةبالَخ و فراوانةكانى كوردستان و وةك هةموو شارةكانى تر كيَشةو طرفتى كةمى ئاوو سةرضاوةكانى و خراثى تؤرِةكانى دابةشكردنى هةية. بؤية بة باشمان زانى كةلة نزيكةوة سةردانى فةرمانطةى ئاوى كةركوك بكةين و لةكيَشةو طرفتةكانيان بدويَين و بة بةرنامةو ثلانةكانيشيان ئاشنا ببين. بةو مةبةستة سةردانى بةرِيَز سةرؤكى ئةندازيارانى ثيَشكةوتوو (عةبدولقادر محةمةد ئةمين) بةرِيَوةبةرى فةرمانطةى ئاوى كةركوك كرد و لة وةلآمى ثرسيارةكانماندا بةم شيَوةية بؤمان دوا.

**پرسیار/ کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دامەزراندن و سروشتی کاری فەرمانگەکەتان؟**

وەڵام/ لە ساڵەکانی 50 دا ئیش و کاری ئاو و کارەبا لەلایەن لیژنەیەکەوە بەناوی ( لیژنەی ئاوو کارەبا) وە بەڕێوەدەبرا, لەوکاتەدا تەنها سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شاری کەرکوك بریتی بوو لە پڕۆژەی ئاویی (یاروەلی) کە پێکدێت لە 7 بیری ئاوی سەتحی لە لێواری روباری خاسەدان و دوای پاکژکردنەوەی ئاوی بیرەکان دابەش دەکرێتە سەر هاوڵاتیان. لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوکدا کۆمپانیا نەوتی باکوور (IPC)لە ساڵی 1955 دا پرۆژەی ئاوی دبسی بەخشیە لیژنەی ئاو و کارەبای کەرکوك بۆ بەکارهێنانی بۆ دانیشتوانی شارەکە, لە ئاهانگێکدا کە خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی عێراقی ئەوکاتە ئامادەی ببوو. لە ساڵی 1970 وە ئیش و کـــــــاری ئاو و ئاگر کوژاندنەوە لەلایەن



سەرۆکایەتی شارەوانی کەرکوکەوە کەسەر بە وەزارەتی کاروباری شارەوانی و گوندەکانەوە بوو بەڕێوە دەبرا. لە ساڵی 1979 وە بەشی ئاو لە شارەوانی جیابوەوە و بووە دامەزراوەیەکی گشتی, ئاشکرایە کە بەڕێوەبەرایەتیمان ئیش و کارەکانی راستەوخۆ پەیوەستە بە هاوڵاتیانەوە کاری سەرەکی و لە پێشینەشمان بریتیە لە دابین کردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی پرۆژە و خزمەتگوزاری ئاوی لە پارێزگاکەدا و ئەنجامدانی فەحسی ئاو لە تاقیگەدا بۆ سەمپڵی ئاو کەلەلایەن

دام و دەزگاکانی حکومەت و ئەهلیەوە بۆماندەنێردرێت وەهەروەها کاری راوێژکردنی هونەریش دەکەین لە بواری کارەکانماندا.

**پرسیار/ ئەو پرۆژانەچین کە بەنیازن لە ساڵی 2005 دا بە ئە نجامیان بگەیەنن؟**

وەڵام/ پرۆژەکانی ساڵی 2005 مان کە بەنیازین جێبەجێیان بکەین بریتین لە :

أ- جێبەجێکردنی تۆری ئاو لە ناوچە جیاوازە کانی شاردا بە درێژی 5000 مەتر.
ب- گۆڕینی تۆری ئاو لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا بە بڕی 30000 مەتر.
ت- دانانی بنکەی کۆکردنەوە بۆ پرۆژەی ئاوی ناحیەی ئاڵتون کۆپری.
پ- دانانی بنکەی کۆکردنەوە بۆ پرۆژەی ئاوی ناحیەی لەیلان.
ج- سازکاری تەنکی ئاو لە پرۆژەی ئاوی دبس.
ح- دروستکردنی (سیاج) بۆ بیرە ئاوە ئیرتیوازیەکان لە قەزای داقوق کە 7 بیرن.
خ- جێبەجێکردنی پرۆژەی بیرەکانی تەرجیل-پەنجەعەلی.
د- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی گوندی بەشیر و تازە.
ژ- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی گوندی داقوق و یایچی.
ر- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی گوندەکانی ناحیەی رەشاد.
ز- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی ناحیەی عەباسی.
س- دانانی یەکەیەکی ئاو کۆکردنەوە لە گوندی شمیط لە ناحیەی زاب.
ش- جێبەجێکردنی تەنکی زەوی کۆنکرێتی لە ناحیەی زاب.
ص- جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاو لە ناحیەی شوان و پەنجە عەلی.

**پرسیار / سەرچاوەکانی ئاوی شاری کەرکوک چین و چۆن دابین دەکرێت؟**

وەڵام / پرۆژەی ئاوی کەرکوکی یەکگرتوو بریتیە لە سەرچاوەی سەرەکی ئاوی خواردنەوە کەلەلایەن رووباری ئاودێری کەرکوکەوە ئاوی خام وەردەگرێت لەگەڵ کەمێك ئاو لە پرۆژەی دبس کەلەسەر رووباری زێیە.

**پرسیار / ئایا رۆژانە بڕی پێویست لە ئاوی خواردنەوە چەندە بۆ شاری کەرکوك؟**

وەڵام / شاری کەرکوك پێویستی بە 315000 $م^3$/رۆژ لە ئاوی خواردنەوە هەیە.

**پرسيار / كێشەو گرفتەگان چين كە دێنە بەردەم فراوانكردن و دابەش كردنی تۆڕی ئاو و ئاوی خواردنەوە؟**

وەڵام /لەو كێشەو گرفتانەی كە هەمانە بريتيە لە كەمی توانای بەرهەمی پرۆژەی ئاوی كەركوك يان نەتوانينی دابين كردنی پێويستی شاری كەركوك لەگەڵ ئەو زياد بوونەی ژمارەی دانيشتوانەكەيدا, هەر بۆيە لە ئێستادا هەڵدەستێت بە گۆڕينی بەشێك لە تۆری دابەش كردنی ئاوە كۆنەكەو هەوڵی فروانكردنی تۆڕی لاوەكی نادەين بەهۆی نەبوونی تۆڕی سەرەكی لەناوچەكانی باشووری شاری كەركوكدا.



**پرسيار / كەركوك شارێكی دێرينەو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بێ خزمەت بووە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا, لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانيشتوان و پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەی شارەكەدا توانای فەرمانگەكەتان چەندە لە دابين كردنی ئاوی خواردنەوە و نەهێشتنی كەم ئاويدا لە گەڵ خرا پی تۆڕی ئاوی شارەكەدا؟**

وەڵام / شاری كەركوك دابەش كراوە بە پێ دیزاينی ئاوی كەركوكی يەكگرتووەوە بۆ 5 ناوچە, لەو ناوچانە چواريان جێبەجێكراوە (تۆڕی سەرەكی دابەش كردنی ئاو) كە هەر لەسەر تۆڕی ئاوی كەركوكی يەكگرتووە. بەڵام بەهۆی پێويستی دانيشتوانی ناوچەی (5) بۆ ئاوی خواردنەوە بەهۆی هەندێ هێڵی (ناقل) ئاويان بۆ دابين كراوە لە بەشەئاوی ناوچەكانی 1-2-3-4 لەبەرئەوە دابەش كردنی ئاو بۆ هەموو دانيشتوانی شارەكە لە رۆژێكدا تەنها بۆ چەند كاتژمێرێكە.

**پرسیار / رۆڵی ئەندازیاران چیە لە سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی پرۆژەکانتاندا؟**

وەڵام / ئەندازیاران بریتین لە پایەو کۆڵەکەی سەرەکی و گرنگ لە بەڕێوەبەرایەتیماندا بۆ سەر پەرشتی و جێبەجێکردن و سازکاری پرۆژەکان و تۆڕەکانی ئاو لە شارەکەدا.

**پرسیار / هاوکاری و کۆمەکی حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان چی بووە بۆ فەرمانگەکەتان لە دوای رزگارکردنی عێراقەوە؟**

وەڵام / دوای رزگارکردنی شاری کەرکوك راستەوخۆ لەلایەن بەڕێز کاك فاتح عبدالله وەزیری شارەوانی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بەسەرپەرشتی راستەوخۆی پرۆژەی ئاوی کەرکوکی یەکگرتوو بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هاوڵاتیان و یارمەتیدانی ماددی بۆ کارمەندانی پرۆژەکە لە ئەندازیاران و کرێکاران و دابینکردنی ماددەی کلۆر کە بەڕێوەبەرایەتیمان زۆر پێویستی پێی بوو لەوکاتەدا.

**پرسیار / داواکاری و پێشنیاز و رەخنەتان چیە لە ئە نجومەنی شاری کەرکوك؟**

وەڵام / پێویستمان بە هاوکاری ماددی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەك لە پرۆژەکان و بەتایبەتیش تۆڕەکانی ئاو لە شارەکەدا لە ئەنجامی فراوان بوونی داو هەروەها پێویستمان بە کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان هەیە بۆ کارمەندانمان کە بەسەرپەرشتی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بکرێتەوە لە هەموو بوارەکاندا.

*** / دوا وتەتان بۆ گۆڤاری ئەندازیاران.**

سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەین بۆ ئەم بەسەر کردنەوە و دەرخستنی کێشە و گرفتەکانمان بۆ هاوڵاتیان.

*   *   *   *

# دروست كردنى وێنەى سێ دووری – "بەرجەستە"

## (Three dimentions_3D) in
## (Auto CAD)



## 3D....



**سیروان غفور سلیم**

**خوێندکاری زانکۆی سلێمانی_کۆلێجی ئەندازیاری**

Sirwan_83@yahoo.com

کۆمپیوتەر ئەو زانستە فراوانەیە کە بەردەوام لە گەشەسەندن و برەودایە و ئاسان کاریەکی زۆری بۆ کردوین لە سەرجەم بوارەکاندا و کەم کەس هەیە کە ڕۆژانە کاری پێی نەبێت و سودی لێ وەرنەگرێت.ئەندازیارانیش وەك توێژێکی گرنگ لەناو کۆمەڵدا سودێکی باشیان لە کۆمپیوتەر وەرگرتووە.ئەگەر بەرنامەی وۆرد بۆ نوسین و بەرنامەی ئەکسڵ بۆ حسابات یەکێك بن لە بەرنامە زۆر بەکارهاتووەکان ئەوا دەتوانین بڵێین بەرنامەی ئۆتۆکاد لە بواری وێنەکێشاندا (وێنەی ڕووتەخت (دوو دووری) (Two dimentions) و وێنە کێشانی بەرجەستە (سێ دووری) (Three dimentions) یوزەرێکی زۆری هەیە بە تایبەت لە ناو توێژێکی گرنگی وەك توێژی ئەندازیاراندا. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ڕونی بکەمەوە چۆنیەتی کێشانی وێنەی سێ دووری (بەرجەستە)

(Three dimentions) لە بەرنامەی (Auto CAD) دا ئەگەر چی لەدوای دۆزینەوەی چەند ڕێگایەکی دوودووری(ڕێگەی وەرگرتنی جێکەوتەکان(projections) ڕێگەی وەرگرتنی بڕگەیەك (cross section)) لە ئەندازەی وێنەکێشاندا (engineering drawing) دەتوانین بڵێین وێنەی بەرجەستە کەمتر بەکاردێت

چونکە ئاڵۆزتر و گرانترە و ووردەکاری زۆرتری دەوێت و وێنەی دوولایی جێی گرتۆتەوە بە شێوەیەك کە هەمان مەبەست دەدات بە دەستەوە.لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك جار پێویستمان بە وێنەی سێ لایی دەبێت.بۆ کێشانی وێنەی سێ لایی ئەم

هەنگاوانە یەك لە دوای یەك جێبەجێ بكە.

1- فـایلێكی نـوێ لـە ئۆتۆكـاددا بكـەرەوە.(لـە بـەر ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتمان فێربوونە نەخشەیەكی ئاسان هەڵدەبژێرین) وەك لەنەخشەكەدا دیارە كە پێكهاتووە لە دوو ژوورو حەوشەیەك.



2- پاش ئەوە هەستە بە دروست كردنی(layer) چینێكی نوێ وەبا ڕەنگەكەی سپی نـەبێت بـۆ ئـەوەی بـە جـوانی دەربكـەوێت كـە مـن لێـرەدا ڕەنگـی سـەوزم بـۆ هەڵبژاردووە.

-پـاش دروسـت كردنـی چینەكە ئێستا كلیـك لـە سـەر (polyline) دەكـەین و دەست دەكەین بە كێشانی (line) وەكە بە شێوەیەك كە لەخاڵێكەوە دەستی پێكرد دەبێـت لـەو خاڵـە كۆتـایی پـێ بێـت (واتـە داخـراو بێـت) بـۆ هـەموو دیوارەكانی دوو ژوورەكە وەك لە نەخشەكەدا دیارە.



4-ئێـستا دوو (layer) ی تـر دروسـت بكـە بـۆ دیـواری حەوشـەو دەرگـاكان,بـۆ دیواری حەوشە با ڕەنگەكەی زەرد بێت وە بۆ دەرگاكان با ڕەنگەكـەی سـور بێـت بـە هـەمان شێوەی دیواری ژوورەكان (polyline) هەڵدەبـژێرین و لـە خاڵێكـەوە دەسـت

پیٚ دەکەین و دەبیٚت لەو خاڵە کۆتایی پیٚ بیٚت (واتە داخراو بیٚت) بۆ هەریەك لە دیواری حەوشە و دەرگاکان.



5-تا ئیٚستا هەر لە ڕووتەخت دا ئیش دەکەین واتە تەنها (x,y) هەیە وz ی نیە,ئیٚستا کاتی ئەوەیە کە دووری سیٚیەمی پیٚبدەین.سەرەتا هەڵدەستین لە (plan view) ەوەوە دەیگۆڕین بۆ (isometric view)

بەم شیٚوەیە لەلیستی (view) دا دەچینە سەر (3d views) لەویٚشدا (se isometric) هەڵدەبژیٚرین. نەخشەکەمان بەم شیٚوەیەی لیٚدیٚت.



6-پاش ئەوە دیٚینە سەر فەرمانی (extrude) بەم شیٚوەیە(draw>solids>extrude) یان لە هیٚڵی فەرماندا (command line) دا دەنوسین (extrude).دوای ئەوە داوات لیٚ دەکات ئەو شتە هەڵبژیٚریت کە دەتەویٚت ئەم فەرمانەی بە سەردا جیٚبەجیٚبکەیت.

Select objects:

ئیٚمە لە پیٚشەوە تەنها دیواری دوو ژوورەکە هەڵدەبژیٚرین(select) دەکەین پاشان (enter) دەکەین.دوای ئەوە پرسیارت لیٚ دەکات کە ئایا بەرزی دیوارەکە چەند بیٚت بۆ نمونە دەنوسین (3) واتە سیٚ مەتر.

Specify height of extrusion or(path):3

پاشان (enter) دەکەین

Specify angle of taper for extrusion<0>:

با ئەو گۆشەیە هەر سفر بێت.(enter) بکە. دەبینین نەخشەکە بەم شێوەیەی لێدێت.



7-ئێستا بۆ ئەوەی ئەو دیوارانە ناوەکەی بەبۆشی نەمێنێت و پڕی بکەینەوە بۆ ئەوەی شێوەی بەرجەستەیەك بنوێنێت و شێوەیەکی جوانتریشی هەبێت. دەچینە سەر (view>shade>gouraud shaded). نەخشەکە بەم شێوەیەی لێدێت.



8-ئێستا بۆ گەڕانەوەمان بۆ شێوەکەی پێشوو بۆ ئەوەی دووری سێیەم بدەین بە دیواری حەوشەو دەرگاکان دەچینە سەر (view>shade>3D wireframe).بۆ ئەمانیش هەر بەهەمان شێوەی دیواری ژوورەکان دەبێت کە لە خاڵی شەشەمدا باسمان کرد (واتە لە ڕێگەی فرمانی (extrude) ەوە) تەنها ئەوە نەبێت کە بەرزی دەرگاکە دەبێت لە دیوارەکان کەمتر بێت کە من لێرەدا بەرزیەکەی (2.2) م داوەتێ.وە دیواری حەوشە(2)م.



9-دوای ئەوە هەڵدەستین بە دروست کردنی دیواری سەرو خواری پەنجەرەکان و دیواری سەرو دەرگاکان بەم شێوەیە.لە شوێنی پەنجەرەکاندا لە خوارەوە لاکێشەیەك دەکێشین وەك لە نەخشەکەدا دیارە کە ئەو سەهمەمۆرەمان بۆ ڕاکێشاوە.بەهەمان شێوەی کە لە خاڵی شەشەمدا باس کراوە دەچینە سەر فرمانی (extrude) تەنها بەرزیەکەی جیاوازە کەمن لێرەدا بەرزیەکەی (70)سم داماناوە.ئەمە بەنسبەت دیواری خوارەوەی پەنجەرەکان بەلاَم بۆ دیواری سەروی پەنجەرەکان وە بۆ دیواری سەرەوەی دەرگاکان دەبێت لاکێشەکە لە سەرەوە بکێشرێت و وە بەرزیەکەی بە سالب(minus) دابنرێت (واتە هەر لە فرمانی (extrude) ەوە)



10-پاش دروست کردنی دیواری سەرو خواری پەنجەرەکان و دیواری سەرەوەی دەرگاکان ئێستا نەخشەکەمان بەم شێوەیەی لیَ دێت.



11-وەك لە پێشەوە باسمان کرد بۆ ئەوەی نەخشەکەمان شێوەیەکی بەرجەستە بنوێنێت و شێوەیەکی جوانی هەبێت ئەوا ناوەوەی دیوارەکان و دەرگاکان پڕ دەکەینەوە بەم شێوەیە

(view>shade>gouraud shaded)



12–ئێستا هەڵدەستین بە دروست کردنی زەمینی بۆ نەخشەکەمان.سەرەتا دەچین (layer) یکی نوێ دروست دەکەین با ڕەنگەکەی ڕەصاصی بێت.پاش ئەوە بەهۆی (polyline) ەوە لاکێشەیەك دروست دەکەین لەژێرەوەی نەخشەکە بەقەدەر نەخشەکە وە بەهۆی فرمانی (extrude) ەوە دوری سێیەمی بۆ زیاد دەکەین (کەلەپێشەوە باس کرا) بۆ نمونە ئێمە بەرزیەکەی (–0.2) دادەنێین.



13–ئێستا دەست دەکەین بە دروست کردنی سەقفەکەی بۆ ئەم مەبەستەش (layer) یکی نوێ دروست دەکەین با ڕەنگەکەی مۆر بێت.پاش ئەوە بەهۆی (polyline) ەوە لاکێشەیەك دروست دەکەین لە سەرەوەی نەخشەکەمان وەك لە نەخشەکەدا دیارە.



14-بەهۆی فرمانی (extrude) ەوە دووری سێیەم بۆ سەقفەکەزیاد دەکەین.بۆ نمونە بەرزیەکەی (0.2) دادەنێین نەخشەکەمان بەم شێوەیەی لیَ دێت.



15-پاش ئەوە دەست دەکەین بەدروست کردنی ستارە بۆ نەخشەکەمان.



کۆتایی....

*    *    *    *
*    *    *

# چاوپێکەوتن
# چاوپێکەوتن
# چاوپێکەوتن



ئەندازیار:

## عەبدوڵلا محەمەد عەبدولمحەمەد
## ناسراو بە عەبدوڵلا نەوڕۆلی

**لـەم ژمارەیـەی گۆڤارەکـەماندا بەمەبەسـتی زیـاتر ناسـاندن و سـوودوەرگـرتن لــە شــارەزایی ئەنــدازیارێکی بــە ئــەزموون چـاوپێکـەوتنمان لەگــەڵ بـەڕێز ئەنــدازیاری راویـژکاری بینـاو نینشائات (عەبـدوڵڵا محەمـەد عەبدولمحەمـەد) دا سازداو لـەوەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا:**

***ناوی سیانی؟***

- ناو : عبدالله محمد عبدالمحمد ناسراو بە عبدالله نەوڕۆڵی

***بەرواری و شوێنی لەدایك بوون؟***

- لەدایك بووی : 1957 گوندی خێڵی حەمە / هەڵەبجەی شەهید

***قۆناغەکانی خوێندنتان لە چ ساڵ و جێگەیەك تەواو کردووە و پسپۆریتان لە چ بوارێکی ئەندازەیدا هەیە؟***

- قۆناغەکانی خوێندن : سەرەتایی لەگوندی خێڵی حەمە / ناوەندی / لە سلێمانی / ئامادەیی لە هەڵەبجەی شەهید/ کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی لە زانکۆی سلێمانی.

***ئەو پرۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووەلە ماوەی کارکردنتاندا؟***

- لە ساڵی 1978 دا کە دامەزرام لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی سلێمانی سەرپەرشت و جێبەجێکەری پرۆژەی ڕێگای( بێستان _هیران ) م کردوەکە بەڕێگایەکی هونەری ناسراوە و بە ڕێگای نایاب ناودەبرێت.

***وەکو ئەندازیارێك سەرپەرشتی و جێبەجێکەری گەلێك پرۆژەبوون, ئایا لەو پرۆژانە چ کارێکی خۆتانتان بە سەرکەوتوترینیان دەزانن؟***

- سەرپەرشتی و جێبەجێکەری ڕێگای ( بێستان _ هیران ) کە لەلایەن خۆمەوە جێبەجێکراوە بە ( تنفیذ مباشر ) لەبەرئەوەی :

1. ڕێگای نایابیان پێدەوت
2. ڕووپێو و دیزاین و نەخشەی هەبوو
3. دوو پردی گەورەی تیادابوو کە لە 4 کم تا 11.5 کم بوون
4. زیاتر لە 35 پرۆدۆکە و( قناطر ) بەهەموو جۆرو قەبارەیەك کە ئەتوانم بڵێم ئەم ڕێگایە ئەمەندە ئیشی تیادابوو لەبڕین و پڕکردنەوە و...هتد و منیش وەك ئەندازیارێکی تازە دامەزراو ڕۆژانە زیاتر لە 10 کاتژمێر کارم دەکرد و بەو هۆیەوە توانیم شارەزاییەکی زۆر لە بواری ڕێگاوباندا پەیدا بکەم هەرچەندە من پسپۆڕیم لە بینا و ئینشائاتدا هەیە.

***چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پرۆژانەی پێش ڕاپەڕین ئەنجامدراون و ئەوانەی لە ئێستادا ئەنجام دەدرێن لە ڕووی ئەندازەییەوە؟***

➢ ئەنجامدانی پرۆژەکان پێش ڕاپەڕین لەبەرئەوە ئاشنا نەبووین بەپێشکەوتنەکانی دەرەوەی وولات و لەوڵاتێکی داخراودا بوین و هەر لەسەر مواصفاتی کۆن ئەڕۆیشتین و گۆڕانکاریەکانمان نەئەگەیشتە دەست . بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنەکانی جیهان و بوونی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو..و سەردانی ئەندازیاران بۆ دەرەوەی وولات و هاتنی کۆمپانیاکانی دەرەوەی وڵات بۆ کوردوستان . ئەمانە هەموو ئەبنە هۆکارێك بۆ بوونی گۆڕانکاری لە سیستەمی ئیشکردن و پێشکەوتن و کاری ئەندازەیی .. هەرچەندە هەر لە ڕادەی داواکاری ئەندازیاریدا نیە .

***ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ وڵاتێك؟***

➢ خولی زانستیم لەدەرەوەی وڵات نەبینیوە.بەڵام لە ناوخۆی وڵاتدا بەشداری ئەم خولانەم کردووە.

1. دیزاینی تونێل لە بەغداد کە یوغسلافیەکان سەرپەرشتیان دەکرد.
2. دیزاینی ڕێگاو روپێوی لە بەغداد.
3. دیزاینی بناغە (فاوەندەیشن دزاین), لە زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر.
4. خولی چاککردنەوەی ڕێگای قیر (صيانة طرق) لە بەغدا.

***لە ئەنجامی سەردان و بینینی کارە ئەندازەییەکان لە وڵاتاندا ئاستی ئەندازیارانی کورد و بێگانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

➢ ئاستی ئەندازیارانی کورد، لەبەر باری سیاسی و کۆت و بەندی بەعس لە درێژەی 35 ساڵی فەرمانڕەواییدا لەسەر ئەندازیارانی کورد و نەهاتنی تەکنەلۆژیای نوێ و شارەزا نەبوون بەپێشکەوتنەکانی دەرەوەی وڵات دیارە کەمترە, بۆ نمونە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و شارەزایی بەکارهێنانی کە ئێستا بۆتە پێویستیەکی زۆر بۆ هەموو کەسێك بە تایبەتی ئەندازیاران. ئەم نەوەیەی ئێمە هەمووی چەند ساڵێکی کەمە خەریکین بەکاری بێنین کە لەو وڵاتانەهەر لەمنداڵیەوە بەکاری دێنن.

***ڕێنمایی و ئامۆژگاریتان چییە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ؟***

➢ داوام لە ئەندازیاران بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە تازە دێنە ژیانی کردارییەوە, هەوڵبدەن شارەزابن لە تەکنەلۆژیای نوێ و پێشکەوتنەکانی دنیا لە رووی ئەندازەییەوە و روونەکەنەوە شێوازە کۆنەکە چونکە ئەگە رۆچوونە ناو زانیاریە نوێکانی ئەندازیاری لە رووی پراکتیکەوە ئەو شێوازە نوێ و کەرەسە نوێیانە بەکار هات سیمای کوردستانی پێ ئەرازێتەوە. ئەوکەسانەشی بەو زانیارییە خۆیان دروست ئەکەن بەراستی دەبنە ئەندازیار.

### ﴿ روونکردنەوەیەکی پێویست ﴾

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا لە یادی 13 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستاندا بەنیاز بووین چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز **ئەندازیار کاك عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا** ساز بدەین, بۆ ئەو مەبەستە بە بەڕێزیان ڕاگەیەندراو جەنابیشیان رەزامەند بوون, بەڵام لە لایەن سکرتێرەکەی بەڕێزیەوە دوای چەندین جار پێ ڕاگەیاندنی لەلایەن سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانەوە بۆ دانانی کاتێك بۆ چاوپێکەوتنەکە, ئەو بەڕێزە کاتێکی بۆ دیاری نەکردین. هەر بۆیە بە ناچاری چاوپێکەوتنەکەمان بۆ نەکراو لە بەر نزیك بونەوەی کاتی دەرچوونی گۆڤارەکەشمان ئەم چاوپێکەوتنەی سەرەوەمان سازدا.

خۆزیا هەموو سکرتێرەکانی لێپرسراوان بەم جۆرە کاریان نەکردایە و دەستی دەستیان بەهیچ کەس نەکردایە لە پشت لێپرسراوەکانیانەوە.

**گۆڤاری ئەندازیاران**




# سایتی ئەندازیاری






# سایتی ئەندازیاری






# سایتی ئەندازیاری






# سایتی ئەندازیاری






# سایتی ئەندازیاری






# سایتی ئەندازیاری



# دەفتەری سەروەری



**ئەندازیاری شەهید**
**هەڵکەوت ئەحمەد ئەمین ناسراو بە**
**(هەڵکەوتی موهەندیس)**

*ساڵی 1960 لە گەڕەکی مەڵکەندی (حاجی حان) لە شاری سلێمانی لە دایك بووە.

*ساڵی 1984 کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی کارەبا لە زانکۆی تەکنەلۆژی بەغدای تەواو کرد.

*ساڵی 1986 پەیوەندی کردوە بە هێزی پێشمەرگەی کردستانەوە لە ریزەکانی (ی.ن.ك) دا لە مەڵبەندی(1) لە بەلەکجاڕ, ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە.

*لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر لە خۆبوردو بە ڕەوشت بووە و لەدوای ئەنفالە بەدناوەکە خۆی و هەڤاڵەکانی پێشمەرگەی بڕیاردانیدا لە کوردستاندا بمێننەوە لە ناوچەکانی گەرمیاندا لەگەڵ کاك ئازادی سەگرمەدا وەك پارتیزانی.

*لە 1988/10/11 کەوتە بۆسەیەکی کۆپتەرەکانی رژێمەوە لەگەڵ (2) هاوڕێی تریدا (شێرکۆ جەلال و شێرزاد) شەهید کران, تا ئێستاش تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوەو بەردەستی دوژمن کەوتون.

***هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هەڵکەوت و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان***



**ئەندازیاری شەهید**
**ئاوات عەبدولرەزاق عەبدولجەبار**

*لەساڵی 1962 لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.
*خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.
*ساڵی 1980 لە زانکۆی سلێمانی /کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی کارەبا وەردەگیرێت.
*ساڵی 1981 کاتێك زانکۆ دەگوێزرێتەوە بۆ هەلێر لە پۆلی دووەم دەوام دەکات.
*ساڵی 1982 بەشداری ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکان دەکات و لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا دەگیرێت پاش چەند مانگێك لە ئازار و ئەشکەنجە لە ئەمنی هەولێر ئازاد ەکرێت.
*ساڵی 1983 دەگوێزرێتەوە بۆ زانکۆی بەغداد و پۆلی سێیەم تەواو دەکات.
*دواتر بەهۆی بەشدار بوونی لە ڕاپەڕینەکاندا دەگوێزرێتەوە بۆ زانکۆی بەسرە.
*ساڵی 1984 لە زانکۆی بەسرە خوێندن تەواو دەکات.
*دوای تەواو کۆدنی خوێدن خزمەتی سەربازی ناکات و خەریکی بەخێوکردنی خێزانەکەی دەبێت.
*لە راپەڕێنە مەزنەکیەی بەهاری 1991 وەکو هەموو کوردێکی دڵسۆز یەکێك بووە لە بەشدارانی ڕاپەڕینەکە, لە شالاوو هێرشە شێرانەکەی سەر ئەمنی سلێمانی (ئەمنە سوورەکە) کاتژمێر 4 ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 1991/3/8 شەهید کرا.ڕۆژی 1991/3/9 لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.

**هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ئاوات و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستان**

# بەرزکردنەوەی پلە

**<u>ئەندازیاری بەڕێز</u>:**

**کۆمیتەی باڵا و لقەکانی یەکێتیی ئەندازیارانی کوردستان، دووهەفتە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان دەبەستن و لە کۆبوونەوەکانیاندا بڕیار لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی ئەو ئەندازیارانە دەدەن کە داوایان پێشکەش کردووە و هەموو مەرجەکانیان تێدایە. لەخوارەوە ناوی ئەو ئەندازیارانە دەنوسین کە لە** (2005/4/1) **تا** (2005/6/30) **پلەیان بەرز کراوەتەوە:**

## یەکەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( یاریدەدەر ) وە بۆ ( کارا )..

1. سۆران حەمە سلێمان
2. ڤیان مەتی نەعوم
3. ئامانج ئەحمەد محەمەد
4. زەینەب لەتیف ئەحمەد
5. جەبار نەجم محەمەد
6. سەلار کەمال ابراهیم
7. ڕەغد ئیبراهیم ناجی
8. شەماڵ کەمال عوسمان
9. ئارام مەحمود ڕەشید
10. شەماڵ جەمال ساڵح
11. بەختیار جەلال مستەفا
12. بەیبەر عەلی عەبدوڵڵا
13. ئومێد نوری حەمەساڵح
14. فەرەیدون فەتاح ئەحمەد
15. سۆران ئەحمەد خەلیفە مارف
16. دلێر محەمەد عەلی
17. ئەنوەر جەلال عەلی
18. حافز نەدا مەجید
19. خالید وەلی حەیدەر

## دووەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( کارا )وە بۆ ( ڕێپێدراو )

1 بەهمەن حەمەتۆفیق ئاورەحمان
2 ڤیان عەزیز سەلام
3 شیلان سلێمان هورمز
4 کاوە کەریم مەحمود
5 خەبات عەبدولقادر عەبدولعەزیز
6 شەهلا عوسمان ئەبوبەکر
7 ڕوژدی تۆفیق حەمەحەسەن
8 نیهایەت عومەر حەمەلی
9 ئەیوب سەباح ئەسعەد
10 دلێر سەعد عومەر
11 غازی عەلی خورشید
12 محێدین محەمەد محێدین
13 دلاوەر سەعید عەبدوڵڵا
14 هاوڕێ تۆفیق عارف
15 قارەمان عومەر عەبدولرەحمان
16 هەڵکەوت جەلال فەتاح
17 بەرزان عوسمان عەلی
18 بەهادین حەمە غەریب
19 محەمەد ئەنوەر محەمەد ڕەشید
20 مەڵبەند ڕەئوف ئەحمەد
21 فەوزیە محەمەد ئەمین
22 چرا نیهال جەلال
23 وەزیرە محمد ئەمین عەبدوڵڵا
24 ڕزگار مەحمود فەقێ مستەفا
25 ئارێس سابیر مەجید
26 نەوبەهار فەرج مستەفا
27 غازی عەلی خورشید

## سێیەم : بەرزکردنەوەی پلە لە ( ڕێـــپـێدراو ) وە بۆ ( ڕاوێژکار )

1. نەوزاد عوسمان عەبدولرەحمان
2. فەرهاد محەمەد سابر
3. ئەکرەم محەمەد ئەمین عەبدلرەحمان
4. عەلی عوسمان سۆفی
5. سەروەر عەباس ئەحمەد
6. کوردۆ کەمال شەفیق

# لە پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەم

(2001/9/21 – 19)

بەندی (7)

کۆنگرەی گشتی

یەکەم :-

باڵاترین دەسەڵاتی یەکێتییەو لە ئەندامانی کۆمیتەی باڵا و ئەو نوێنەرانە پێکدێت کە هەردوو ساڵ جارێک بۆ کۆنفرانسی لقەکان هەڵدەبژێردرێن. نابێت نوێنەرانی هیچ لقێک لە 15 ئەندام کەمتر بێت, لەگەڵ سێ نوێنەری تورکمان و سێ نوێنەری مەسیحی (سەرباری ئەوانەشیان کەلە کۆنفرانسی لقەکانەوە وەك نوێنەر هەڵدەبژێردرێن) لە نێوان ئەم نوێنەرانەدا بە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنی کۆمیتەی باڵا هەڵدەژێردرێت, بەمەرجێك هەریەکەیان 12 ساڵ بەسەر دەرچوونی دا تێپەر بوبێت.

دووەم :- ئەك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی گشتی

1-دارشتنی سیاسەتی گشتی یەکێتیی.

2-هەڵبژاردنی 11 ئەندامی سەرەکی و 4 ئەندامی یەدەك بۆ کۆمیتەی باڵای یەکێتی.

3-گۆڕینی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی.

4-بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی گشتی خولی پێشوو.